
ئەفلاتون



Apology

داکۆکیکردنەکەی سۆکرات لە دادگادا

وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی

بنیامین جۆوێت

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە


ئاوات ئەحمەد

سلێمانی ٢٠٠٢

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

- ناوی کتیب: پۆزش
- بابەت: دەقی فەلسەفی
- نووسینی: ئەفلاتون
- وەرگیرانی: ئاوات ئەحمەد
- مۆنتاژ: سەیران عبدالرحمن
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (١٦٧)ی ٢٠٠٢
- چاپی یەکەم: سلیمانی ٢٠٠٢
- چاپ و ئۆفسیتی دەزگای سەردەم




Giraudon/Art
Resource, NY


THE BETTMANN ARCHIVE

پێشەكی

١. لـــــەماوەی نێـــــوان ٢٢/٧/٢٠٠١ - ٩/٨/٢٠٠٢دا، لەزانكۆی سلێمانی ئامادەی كۆرسێكی فەلسەفیی تایبـەت بـە ئـەفلاتون بـووم، كـە لەلایـەن مامۆسـتای بـەڕێز فـاروق رەفیقـەوە بـەڕێوە دەبـرا. ئـەو كۆرسـە تەسـەوری منـی بەرامبـــەری ئـــەفلاتون گـــۆڕی و گـــەلێك هەڵـــەی لەبۆچوونەكانمدا راست كردەوە. كۆرسێكی كورتخایـەن، بەڵام پڕ سوود بوو.

یـەكێك لـەو بابەتانـەی لـەو كۆرسـەدا تیشـكی خرایـە سەر، ئەمەیە كەئێستا لەبەردەستی خوێنەردایە. دكتـۆر فـاروق لەكۆرسـەكەدا بـە (عوزرخواهـی) نـاوی دەبـرد، دیـارە دكتـۆر زیـاتر مەبەسـتی روونكردنـەوەی بابەتەكـەو دەرخستنی لایەنە شاراوەكانی بووە، نەك گـەڕان بـەدوای نـاوێكی شایسـتـەدا بـۆ داكۆكیكردنـە فەلسـەفییەكەی سۆكرات لەبـەردەمی لیژنـەی دادوەرانـی ئەسینادا. دوای

گەران و پشكنینیكی زۆر، گەیشتمە ئەوەی نـاوی بنیـم پـۆزش، گـەرچی هـەردوو ناونیشـانەكە، واتـە پـۆزش و عـوزر خواهـی و تەنانـەت ناونیشـانە ئینگلیزییەكـەش (apology) بۆنیكـــی پەشـــیمانبوونەوەو لیبـــوردن خواستنیان لیدیت، بەلاَم وەك واتر خوینەر خۆی دەركـی پیدەكات، سۆكرات نـەك هـەر لـەكردەی خـۆی پەشـیمان نـەبووەو داوای بەخشـینی نـەكردووە، بـەلكو بەوپـەری سەرسـەختییەوە داكۆكیـی لـەخۆی كـردووەو بـەهیچ جۆریـك سازشـی نـەكردووە، بگـرە لەوانەیـە شـیوازی سـەخت و رەقـی قسـەكردنەكەی بووبیـتە هـۆی بریندارکردنـی، ژمارەیـەك لەئـەندامانی ئەنجومەنەكـەو ئەگـەر پیشـتریش سـۆزیكیان بەرامبـەری هـەبووبیت، نـەیانمابیت. كـەچی ئـەوەی جیـی سـەرنجە، ژمـارەی ئەوانەی تاوانباریان كرد، زۆر نزیكە لەژمارەی ئەوانـەوە كە تەبرییـەیان كـردووە، سـۆكرات خۆشـی سـەری لـەوە سور دەمینیت و بەبردنەوەیـەكی دادەنیـت بـۆ خـۆی دژی میلیتۆس.

لەورگیرانی پۆزش یان عوزرخواهیدا، دوو تیكستمان لەبەردەمدا بووە كە بریتین لە:

1-Man and Man
The social philosopers
Editd by Saxe Commins & Robert N. Linscott
Pp 184-211

1947.
2-Apology
Translated by: Benfamin Jowett

ئـەم سـەرچاوەیەمان لەئینتەرنێتـەوە وەرگرتـووەو بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـتمان پێبەسـتووەو تـەنیا لەوشـوێنانەدا گەڕاوینەتـەوە بـۆ سـەرچاوەی یەکـەم کەهەستمان بە تەژمی و ئاڵۆزی کردووە. دواجار هەردوو تێکسـتەکەمان بەرامبـەری یـەك گرتـووەو وەرگێڕانـە کوردییەکـەمان مشـتومال کـردووەو ئەمـەی لێدەرچـووە کەلەبەردەسـتی خوێنەردایـە. شـایانی باسـە کەلـەکاتی کۆرسەکەدا دکتۆر فاروق وەرگێڕانێکی ئینگلیزیی تازەی لەبەردەستدا بوو، کە لـەکۆتایی هەشتاکاندا چاپکرابوو، رووومـان لێنـا بۆمـان جێبـهێڵێت، بـەڵام ئـەو نـەیتوانی دەسبەرداری ببێت و لەگەڵ خۆیدا بردیەوە بۆ کەنەدا.

٢. وتەیەك دەربارەی وەرگێڕی ئینگلیزیی

بینجامین جۆویێت (1817-93) Jowett, Benjamin رۆشنبیرو لێکۆڵەرێکی بەریتانییە کەپسپۆڕ بووە لەلێکۆڵینەوەی کەلتوری یۆنانیدا. لەکامریدج لەدایك بووەو خوێدندنی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو کردووە. لەساڵی ١٨٤٢دا، لەکەنیسەی ئینگلیزییدا، دەبێت بەقەشە. هەروەها لەساڵی ١٨٥٥دا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد وەکو پرۆفیسۆری یۆنانیی دەسبەکار دەبێت. لە هەمان ساڵدا نامەکەی سانت پۆڵ وەردەگێڕێت بۆ زمانی ئینگلیزیی و مشتومڕو بێنەوبەرەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەوکارە خۆی لەخۆیدا لێکدانەوەیەکی لیبرالانەی نامەکەی سانت پۆڵیشی گرتبووە خۆی، کێشەکە تەشەنەی کردو لەساڵی ١٨٦٠دا تۆمەتی هەرتەقە درایە پاڵی، بەڵام سەرۆکی دادگای ئۆکسفۆرد لەو تۆمەتە ئازادی کرد. لەساڵی ١٨٧٠دا بوو بەسەرۆکی کۆلیژی بالیۆل لەزانکۆی

ئۆكسفۆردو هەتا مردنی لەم پۆستەدا مایەوە. هەروەها لەماوەی نیوان سالآنی ١٨٨٢- ١٨٨٦ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ئۆکسفۆرد بووە. وەك پیاویکی رۆشنبیر گەلیك چاککاری لەسیستمی خویندنی زانکۆییدا کردووەو خزمەتیکی زۆری خویندکارەکانی کردووە. نیودارترین کاری جۆویت بریتیە لەوەرگیرانی دایالۆگەکانی ئەفلاتون لەچوار بەرگدا و لەسالی ١٨٧١دا یەکەمین چاپی بلآو دەکریتەوە. هەروەها کاری چەند بیریاریکی دیکەی یۆنانیشی وەرگیراوە، کەدیارترینیان میژووی پیلۆپۆنیشیان (دوو بەرگ . ١٨٨١) کەنوسراوی سیۆسیدیدیسە، هەروەها سیاسەتەکەی ئەرەستۆ (دووبەرگ . ١٨٨٥)، هەروەها کۆمارەکەی ئەفلاتون (سێ بەرگ . ١٨٩٤).

Encarta Encyclopediaa 2001

وەرگیری کوردی

سەرەتای مارتی ٢٠٠٢

17a ئـۆ ئەسـينايييەكان، تاوانباركـەرانی مـن چـۆن توانییـان كارتـان تیبكـەن، ئەمـەیان نـازانم، بـەلام دەزانم كەئـــەوان بەشـــیوەیەكی ئـــەوەندە قایلكەرانـــە دووان، تارادەیەكی زۆر وایان لیكردم خۆشم بیرم بچیتـەوە كـەمن كیـم، وەلی لەگــەلْ ئەوەشـدا زۆر بەدەگمــەن وشــەیەكی راستیان دركاند. لەناو ئـەو هـەموو درۆیانـەدا كەئـەوان كردیــان، درۆیــەكیان زۆر سەرســامی كــردم، مەبەســتم لەوەیە كەوتیان پیویستە ئیوە وریای خۆتـان بـن و ریّ بەخۆتان نـەدەن زمانپاراوییەكـەی من لەخشتـەتان ببات. ئــەوان بۆیــە وایــان وت، چونكــە دلنیــابوون لــەوەی هەرئــەوەندەی مــن دەمــم كــردەوەو ســەلماندم كــە ریی تیدەچیت هەرشتیك بم، بەلام قسەكەریكی باش نیم 17b یەكسـەر تیدەكەون، بەراست پیموایە ئەمە شـتیكی زۆر بیشــەرمانەیە، مەگــەر ئــەوان مەبەســتیان لــەهیزی زمانپـــاراویی هــــیزی راســـتیی بیـــت، ئەگـــەر ئەمـــە مەبەستەكەی ئەوان بیت، ئـەوا من پیی لیدەنیم كـەزمانم پاراوە. بەلام بەریگایـەكی یـەكجار جیـاواز لـەوەی ئـەوان! یـانی، وەكو وتم، ئـەوان بەدەگمـەن قسـەی راستیان كـرد،

بــەڵام، ئیــوە لەمنــەوە هــەموو راســتییەکە دەبیســتن: بەهەرحاڵ وەکـو قسـەکانی ئـەوان. سـویندم بـەئاسمان، نەخیر! بـەڵام مـن ئـەو وشـەو گوزارشـتانە بـەکاردەهینم کەهەرئیســتا بــەدەممدا دیــن، چونکــە مــن دلنیــام لەدادپــەروەریی مەســـەلەکەی خــۆم. ئــۆ پیــاوانی ئەسینا،من لەماوەی ژیانی خۆمدا، هەولمداوە لەبەردەمی ئیـوەدا، 17c هــەرگیز وەکــو وتــاربیژیکی هــەرزەگۆ دەرنەکەوم.. با کەس چاوەریی ئەوەم لی نەکات. هەروەها پیویسـتە داواتـان لیبکـەم چاکەیـەکم لەگـەلدا بکـەن: ئەگـەر مـن بـەو شـیوازە داکۆکییـم لـەخۆم کـرد کـەپیی راهاتووم، هەروەها ئیوەش گویتان لیم بوو، هـەمان ئـەو وشـانە بـەکاردەهینم کـەخووم پیــوە گرتــووە لــەئاگۆرا* بەکاریان بهینم، لەسـەر مـیزی پـارە گۆرەرەوەکـان، یـان

---

* ئاگۆرا Agora بازاریکی میللی بووە لەهەرشاریکی یۆنـانی دیرینـدا، لەئەسلدا شوینی ئەنجومەنی گشـتی بـووە، بـەڵام بەتیپـەرینی کـات بووە بە شوینی بازرگانی. شـوینیکی فراوانـی کـراوە بـووەو چوونـە نـاوی ئاسـان بـووە، بـووە بەسـەنتەری ژیـانی سیاسـی، بازرگــانی، ئـاینی، کۆمەلایـەتی لەشــارەکەدا. چـواردەوری ئــاگۆرا بــە بینــاو پەرستگاو دامەزراوە میللییەکان گیراوە. نیودارتریـن ئـاگۆرا ئـەوەی ئەسینا بووە. شایانی باسە کـە هـەموو پـەراویزەکانی ئـەم تیکسـتە لەلایەنی وەرگیری کوردییەوە ئامادە کراوە.

لەهەر شوینیکی تر بەکاریان بهینم، داواتان لیدەکەم سەرتان نەسورمینیت و، لەبەرئەم هۆیە قسەکانم پێ نەبرن. چونکە من تەمەنم لەحەفتا ساڵ تیپەری کردووەو، ئەمەش یەکەمین جارمە لەبەردەمی یاسادا ئامادە دەبم، 17d من بەتەواویی بەزمانی ئەم شوینە نامۆم، هەربۆیە داواتان لیدەکەم وەك نامۆیەك مامەلەم لەگەلدا بکەن، دیارە ئیوە لەنامۆیەك دەبورن ئەگەر بەزمانی سروشتیی خۆی بدویت وشیوازی شارەکەی• خۆی بەکاربهینیت 18a ئایا من داوای شتیکی نادادپەروەرانەتان لیدەکەم؟ خۆ شیوازەکە گرنگ نیە، کەرەنگە یان رەنگ نیە باش بیت، بەلکو تەنیا بیر لەراستیی وشەکانم بکەنەوەو، بایەخ بەوە بدەن: لیگەرین

• هاوینی سالی ٢٠٠١ وەرگیری ئەم باسە ئامادەی کۆرسیکی فەلسەفیی بوو کە تایبەت بوو بەئەفلاتون و بەریز دکتۆر فاروق رەفیق سازی کردبوو. دکتۆر لەو کۆرەدا رای وابوو کە لەتیکستەکانی ئەفلاتوندا وشەی وڵات بەدیی ناکریت و بەتەنیا زاراوەی شار بەکار هاتووە، وڵات وشەیەکی تازەترەو پەیوەندیی بە مۆدرینیزمەوە هەیە. بۆیە ئیمەش لیرەدا پیرەویی لەبۆچوونەکەی ئەو دەکەین، گەرچی وەرگیری تیکستە ئینگلیزییەکە وشەی (country) داناوە کەمانای وڵات دەگەیەنیت.

با قسەکەرەکە قسەی راست بکات، هەروەها دادوەریش دادپەروەرانە بریار بدات.

سەرەتا، پیویستە وەلامی تۆمەتە دیرینترەکەو تاوانبارکەرەکانی سەرەتام 18b بدەمەوە، پاشان دیمە سەر ئەوانەی دواتر. بۆ کۆنەکەیان، تاوانبارکەرم زۆرە، ئەوانەی لەماوەی سالانیکی دریژدا، بەدرۆو فیشال لای ئیوە تاوانباریان کردووم، بۆیە من زیاتر لەوان دەترسم، نەك ئانیتۆس[*] و هاوریکانی، کەئەمانیش بەشی خۆیان مەترسییان هەر هەیە. بەلام ئەوەی مەترسیدارترە، ئەوانەی ترن، کەلەکاتیکدا دەستیان پیکردووە ئیوە مندال بوون و درۆو دەلەسەکانیان میشکی هەمووتانی پرکردووە، دەلین سۆکراتی دانا، لەئاسمانی سەرەوە راماوە، هەروەها لەزەوی خوارەوەشی کۆلیوەتەوە،

18cوایکردووە خراپترین وەك باشترین دەربکەویت. ئەوانەی ئەم قسەلۆکانە بلاو دەکەنەوە، ئەو تاوانبارکەرانەن کەمن لییان تۆقیووم، چونکە ئەوان، بیستەرەکانی خۆیان، توشی وەهمیك دەکەن، بەوەی ئەم

---

[*] ئانیتۆس Anytos کۆتایی سەدەی پینجەمی پیش زایین و سەرەتای سەدەی چوارەمی پیش زایین سیاسەتمەداریکی ئەسینییە، سەربەدیموکراتەکان بووە.

چەشــنە خەلکانــەی ئــاوا پرســیار دەگــەن، باوەریــان بــەبوونی خوداکــان* نیــە. هــەروەها ئــەوان زۆریشــن، تۆمەتەکەشــیان دژی مــن هــەر لــەرۆژانی زووەوەیــە، لەرۆژانیکدا کەئیوە منداڵ بوون یان لەوانەیە هەرزەکار بووبـن، زۆر لەئیسـتا باشـتر کارتـان تیدەکـرا.. ئەوکاتـە تۆمەتەکـــە بـــەرگوێ کـــەوت و پشـــتگوێ خـــرا، چونکـە کەسـیك نـەبوو وەڵامـی بداتـەوە. لەهەمووشـی ناخۆشـتر، 18d مـن نـاوی تاوانبارکـەرانم نـازانم و نـاتوانم ناویـان بینـم، مەگـەر لەشـیعریکی کۆمیدیـدا ناوەکانیـان هـەبیت. هـــەموو ئەوانـــەی بـــەهۆی رق و ئیرەییـەوە ئیوەیـان قـایل کـردووە .. هـەندیکیان پیشـتر خۆشیان قـایل کردبـوو .. هـەموو ئـەم چەشـنە پیاوانـە، مامەلـەکردن لەگـەلیاندا زەحمەتـە، چونکـە مـن نـاتوانم

---

* خوداوەند god کورتکراوەی خودایە، کە مانای یەزدان دەگەیەنیت، لیرەدا وشەی خوداوەند بـەو مانایـە بـەکارهاتووە کـە گوزارشـت لـە چەند پەرستراویکی بچووکتر بکات (ماتریالیی بن یاخود میتافیزیایی ، کە هەموویان پیکەوە دەوری خودا یان یەزدان ببینن، کە ئەمەیان خەسلەتی ئاینە فرە یەزدانەکانە. راسـتییەکەی لـە زمـانی کوردیـدا، خوداوەند و خودا هەر بەهەمان مانا بەکار دەهینرین، لیرەدا چارمان نەبوو بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتریی، چونکە زاراوەی بت یان سەنەم مانای تەواوی زاراوەکە نادەن بەدەستەوە.

بیانهینمــه ئــیرەو بیانهینمــە قســـە، بۆیـــە دەبیـــت لەداکۆکیکردنەکـــەمدا، بەشــیوەیەکی ســـاکارانە لەگـــەڵ تارماییەکاندا بجەنگیم، پرسیار بکەم و کەسیش نەبیت وەڵامم بداتەوە.

18e بۆیە داوا لەئیوە دەکەم لەگەلمدا گریمانەی ئەوە بکەن، هەروەکو پیشتر وتم، کەدژەکانی من دوو جـۆرن، یەکیکیان تازەیەو ئەویتریشیان کۆنە: هەروەها بەهیوام ئیوە ئامادەبوونی من ببینن بۆ ئەوەی یەکەمجار وەڵامی کۆنەکان بدەمەوە، دەربارەی ئەو تۆمەتانەی کەئیوە زۆر لەپیش ئەوانترەوەو چەند جاریکیش گویتان لیبووە.

19a کەواتە، ئیستا پیویستە داکۆکـی لـەخۆم بکـەم، هەوڵ بدەم بەماوەیەکی کەم ئەو بوختانانە برەوینمـەوە کەماوەیـەکی دورودریـژە بڵاوبوونەتـەوە. بلییـی لەمـەدا سەرکەوتوو ببم، ئەگەر سەرکەوتن بۆ منیش و بۆ ئیوەش باش بیت، یان لەمەسەلەکەمدا سودیکم پیّ بگەیەنیت! ئەم ئەرکە شتیکی ئاسان نیە، من بەتەواویی لەسروشتی ئەم ئەرکە تیدەگەم. بۆیە مەسەلەکە بۆ خودا* جیدەهیلم،

---

* جیی سەرنجە کە لیرەدا وشەی خودا بەپیتی گەورە نوسراوە، واتە (God) کەئەمیان لەزمانی ئینگلیزیدا مانای ئەو خودایـە دەگەیـەنیت کـە ئاینـە یـەکتا پەرستەکان باوەریـان پییـەتی.. یـاخود لەوانەیـە

ئیستا بەس بۆ ئەوەی گویرایەلی یاسا ببم، داكۆكیی لەخۆم دەكەم.

من لەسەرەتاوە دەست پیدەكەم، دەپرسم ئەو تۆمەتە كامەیە، كە خراوەتە ئەستۆی من، كە 19b میلیتۆسی• هانداوە دژی من هەلیببژیریت. باشە، بوختانەكان چی دەلین؟ ئەوان شایەتن بەسەرمەوەو، منیش شكاتەكەیان كورت دەكەمەوە:" سۆكرات خراپەكارە، كەسیكی كریسە•، لەژیر زەوی و لەئاسماندا بەدوای شتەكاندا دەگەریت، بەرگی چاكە دەكاتە بەری خراپە، ئەو ئەم پیرەوەی پیشتر باسكرا، فیری خەلكانی تریشی دەكات، سروشتی تۆمەتەكە ئەمەیە:

سۆكرات مەبەستی لەخودایەكی تایبەتی بیت بەخۆی، كە لەرەوتی داكۆكیكردنەكەدا ئەم شیمانیەیان زیاتر ریی تیدەچیت

• میلیتۆس (**Meletus**) شاعیریكی تراجیدیی یۆنانییە.

• كریس بەمانای فزولیی (**curious**) دیت، واتە ئەوكەسەی كەزۆر خۆی لەشت هەلدەقورتینیت و پرسیاری زۆر دەكات، كە لەراستیدا ئەمە دیارترین خەسلەتی سۆكرات بووە.

19c ئەوەیە کەخۆتان لەکۆمیدیاکەی ئەریستۆفاندا بینیوتانە•، باسی پیاوێك دەکات کەناوی ناوە سۆکرات، دەلێت بەئاسماندا دەڕوات و دەربارەی چەند شتێك قسەی هەلەق و مەلەق دەکات کەمن لافی ئەوە لێنادەم بیانزانم، نەزۆرو نەکەم.. من نامەوێت بەمە خراپە لەگەڵ هیچ یەکێك لەوانەدا بکەم کەلەفەلسەفەی سروشتی دەکۆڵنەوە•. زۆرم پێ ناخۆش دەبێت ئەگەر میلیتۆس

• ئەریستۆفان ,Aristophanes (448?-385 BC) شانۆنامەنوسێکی نیوداری یۆنانییە، بەیەکێك لەهەرەمەزنترینی کۆمیدیانوسەکانی مێژوو لەقەلەم دەدرێت. شانۆنامەکانی بەدرێژایی سەدەکان نماییش کراون و هەتا ئیستاش تام و چێژی هۆیان ماوە، لەبەر ئەو بیرە کۆمیدیی و زرنگانەی تییاندا دەبینرێن و هەروەها لەبەر زمانە شیعرییەکەشی. زیاتر لە ٤٠ شانۆنامەی نوسیوەو یازدەدانەیان بۆ ئیمە ماوەنەتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە شانۆیی هەورەکانە Clouds (423 BC) کەبەشێوەیەکی گاڵتەجارانە باسی سۆکرات دەکات وای پیشان دەدات کە بیروبۆچوونەکانی سۆکرات لەبەرژەوەندیی شارەکەدا نیە.

• سروشتی ، فەلسەفە Naturalism (philosophy) بریتیە لەجوڵانەوەیەکی فەلسەفیی جەخت لەوە دەکات کەدەتوانرێت لەڕێی لێکۆلینەوەی زانستییەوە بەتەواویی لەسروشت تێبگەین، ئەم ڕەوتە فەلسەفییە نکولیی لەهەموو بوونێکی ڕۆحیی و میتافیزیا دەکات،

بتوانیت ئەم تاوانە مەترسیدارە بداتە پالی من. بەڵام راستییە سادەکە ئەوەیە، ئۆ ئەسینایییەکان، کەمن هیچ کاریکم بەتیرامانی سروشتی نیە.

19dزۆربەی زۆری ئەوانەی لیرەدا ئامادەن شایەتی راستیی ئەم قسەیەن، من ئەوان دەکەم بەناوبژیکەر. کەواتە ئەی ئەوانەی گویتان لەمن بووە، قسە بکەن، لەدراوسیکانتان بپرسن ئایا هیچ یەکیك لەئیوە بیستویەتی من کەم تازۆر باسی ئەم چەشنە مەسەلانە بکەم.. گویتان لەوەلامەکانیانە*، لەوەی ئەوان دەربارەی ئەم بەشەی تۆمەتەکە دەیلین، ئیوە دەتوانن لەراستیی بەشەکانی تریشیدا دادوەریی بکەن.

وەك وەڵامیکی بچووك بۆ ئەو کەسەی دەلیت گوایە من مامۆستام و، کریێ وەردەگرم، ئەم تۆمەتەشیان لەوەی پیشوو زیاتر راستی تیدا نیە. ئەگەرچی بەبروای من، 19e ئەگەر پیاویك بەراستی بتوانیت وانە بەمرۆڤ

پیی وایە کە یاسای هۆو ئەنجام راڤەکەری هەموو دیاردەکانەو لەدەرەوەی ئەم یاسایە هیچ یاسایەکی تر کاریگەرییەکی واقیعییانەی نیە.

* دیارە لیرەدا بەشیك لەوانەی کە ئامادەی دادگاییەکە بوون وەکو بینەر، وەڵامی پرسیارەکەی سۆکرات دەدەنەوەو ئەویش سەرنجی دادوەرەکانی بۆ رادەکیشیت.

بلیتـەوە، کریـش بەرامبـەری وانەوتنەوەکـەی وەربگریــت، ئـەوە شـکۆمەندیی و سـەربەرزییە بۆی. ئـەوە گۆرگیاسـی لیۆنتیـــنی• و، پرۆدیکۆســـی کییـــۆس• و، هیپیاســـی ئـەلیزیی•، کەبەشـارەکاندا دەگـەرین و، لـەتوانیاندا هەیـە پیـــــاوانی لاو قـــــایل بکـــــەن تـــــا دەســــــبەرداری

• گۆرگیاس ,Gorgias (circa 485-c. 380 BC) رەوانبیـژو سۆفیسـت و فەیلەسوفیکی یۆنانییە، لەشاری لیۆنتینی لەدایك بـووە لەسیسـیلی. لەسالی ٤٢٧ی پیش زاییندا، بالیۆزی ئەسینا بووە. دواتر لەئەسـینا نیشـتەجێ بـووەو وانـەی رەوانبیژیـی وتۆتـەوە. گۆرگیـاس یەکیکـە لەوانـــەی کـــە بـــۆ یەکـــەمینجار کیـــش و ئیقاعیـــان لەپەخشـــاندا بـــەکارهیناوە. گۆرگیـــــاس ناونیشـــــانی دەمەتەقییـــــەکی تـــــری ئەفلاتونیشە، کە ئیستا ئیمە کاری تیدا دەکەین بـۆ ئـەوەی بیکـەین بەکوردی. فەلسەفەکەی گۆریـاس نەهلیسـتی بـووە. لەتەمـەنی ١٠٥ سالییدا لەشاری سیسالیا مردووە.

• پرۆدیکـۆس (Prodicus) سـەدەی پینجـەمی پیـش زایـن، یەکیکــە لەفەیلەسوفە سۆفسیستەکانی یۆنان، خەلکی کیۆسە.

• هیپیاس Hippias لەدەوروبەری سالی ٤٩٠ی پیش زاییندا مـردووە، ستەمکاری ئەسینایە، لەدوای سالی ٥٢٧ی پیش زایینەوە، بەردەوام بوو لەســەر سیاســەتەکەی پیسیستراتیۆسـی بـاوکی. لەسـالی ٥١٠دا لەســەر تــەخت لابـراو دوورخرایـەوەو، دواتـر لـەدادگای فارســـەکاندا دەسبەکاربووەو لەکاتی ماراسۆندا، راویژکاری فارسەکان بووە.

20a هاوشارییەكانی خۆیان بن، چونكە هیچیان لیوە فیر نابن، دین بۆلای ئەمان و نەك تەنیا كریشیان دەدەنێ، بەلكو سوپاسگوزاریشیان دەبن. ئالەم كاتەدا، فەیلەسوفیكی خەلكی پارا لەئەسینا نیشتەجێ بووە، كاتیك بەرەو ئیرەوە بەریوە بووم، بیستم.. ئەوەم لەپیاویكەوە بیست دنیایەك پارەی لەسۆفیستەكاندا*

---

* سۆفسیستەكان Sophists بەزاراوەی یۆنایی سۆفیست وە هاتووە كەماناكی شارەزا یاخود پسپۆر یان پیاوی دانا دەگەیەنیت. گریكەكان لەسەرەتادا ئەم زاراوەیەیان بەكارهیناوە بۆ پیاوانیك كە فیربوون و تیگەیشتوون، وەكو حەوت پیاوە داناكەی یۆنان، لەسەدەی پینجەمی پیش زایینـدا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو مامۆستا گەرۆكانە بەكاردەهینرا كە لەبەرامبەری كرییەكدا لەشەش حەوت لقی بالای زانیندا دەرسیان دەووتەوەو زیاتر بەشیوەیەكی سەربەخۆ كاریان دەكرد نەك وەكو قوتابخانەیەك یان گرووپیك. سۆفیستەكان بیرو بۆچوون و ئایدیاكانی فەیلەسوفەكانی سەرەدەمی خۆیان و پیشتریشیان ئاسان دەكردەوەو مۆركیكی جەماوەرییانەیان پیدەبەخشین. سۆفیستەكان هاوكات لەگەڵ سۆكرات و ئەفلاتون و ئەرەستۆشدا لەئەسینادا شۆرەتیان پەیدا كردووەو دژایەنییەكی فەلسەفیی و ململانییەكی سەخت لەتیوانی ئەم سیانەو سۆفیستەكاندا هەبووەو لەنوسینەكانی ئەم سێ فەیلەسوفەدا بەتەواویی رەنگی داوەتەوە. دیارترینی سۆفیستەكان

ســـەرف کردبـــوو، ئـــەو پیـــاوەش کالیاســـی کـــوری هیپۆنیکۆس بوو. من دەمزانی کالیاس دوو کوری هەیە، لیم پرسی: کالیاس، ئەگەر دووکورەکەی تۆ دوو جوانوو بوونایە، یاخود دوو گویرەکـە بوونایـە، هیـچ گرانییـەك لـەوەدا نـەدەبوو یـەکیك بدۆزیتـەوە بایـەخیان پیبـدات، راهینـەریکی ئەسپمان بـەکریٚ دەگرت، یاخود لەوانـەبوو جوتیاریکمـان بـەکریٚ بگرتایـە، کەمەشـقی پیدەکـردن و بەرەو چاکیی و لیهاتوویی خۆیانی دەبردن،

20b بـەلاٚم مادام ئـەوان مرۆڤن، بیر لـەکیٚ دەکەیتـەوە سەرپەرشـتییان بکـات؟ کـــەس هەیـــە لـــەمرۆڤیش و فەزیلەتی سیاسییش تیبگات؟ دەبیٚ بیرت لـەم مەسـەلەیە کردبیتەوە، چونکە تۆ کورت هەیـە، کـەس هەیـە؟. وتـی: هەیــە. وتم: کییــە؟ خــەلکی کوییــە؟ کریکــەی چــەندە؟ وەلاٚمی دامەوە:

20c ئەو پیـاوە ئیڤینۆسـی پارییـە، کریکەشـی پینـج مینایـە. بـەخۆمم وت" ئیڤینۆسـی پیـاویکی بەختـەوەرە، ئەگەر بەراستی ئەم داناییەی هـەبیت و، بـەم کرییـە کەمـە فیری خەلکی بکات. ئەگـەر من ئـەوەم هەبوایـە، ئـەوا زۆر

پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس، هیپیاسی ئـەلیزیی، هـەروەها پرۆدیکۆسـی کایۆسیی بوون.

شانازییم بەخۆمەوە دەکردو لەخۆم بایی دەبووم، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کەمن هیچ زانیارییەکی لەو چەشنەم نیە.

ئەسینییەکان، دەویرم بلیم، رەنگە یەکیك لەناو ئیوەدا وەڵامم بداتەوە، بەلێ سۆکرات، بەڵام ئەسلی ئەم تۆمەتەی کەرووبەرووی تۆکراوەتەوە، لەکویوە هاتووە، دەبێ تۆ شتیکی نامۆت کردبیت؟ ئەگەر تۆ وەکو پیاوانی تر وابوویتایە، ئەوا ئەم پروپاگەندەو قسەلۆکانەی دەربارەت دەکرین، هەرگیز دەرنەدەکەوتن: کەواتە، پیمان بلێ، هۆی ئەمانە چییە، چونکە ئیمە زۆر پەشیمان دەبین ئەگەر بەپەلە حوکمت بەسەردا بدەین،

20d من ئەمە بەتەحەدایەیەکی نەرم و نیان دادەنیم، هەولیش دەدەم هۆی ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە کەبۆچی من بەدانا لەقەلەم دراوم و ئەم شۆرەتە خراپەم لەکویوە بۆ هاتووە. 20e کەواتە، تکایە گوی رادیرن. هەروەها رەنگە هەندیك لەئیوە وابیر بکەنەوە کەمن بەگالتەمە، من پیتان رادەگەیەنم کەراستییە پوختەکەتان پیدەلیم. پیاوانی ئەسینا، ئەم شۆرەتەی من لەچەشنیك داناییەوە هاتووە کەمن هەمە. ئەگەر لیم بپرسن چ چەشنە داناییەك، وەڵام دەدەمەوە داناییەك کەمرۆڤ دەتوانیت بەدەستی بهینیت، 20eمن تائەم مەودایە دەتوانم بلیم

لەوباوەرەدام کەدانام، بەڵام ئەوکەسانەی کەدەربارەیان دەدوام، ئەوانە داناییەکی ژوور مرۆییان هەیە کەرەنگە نەتوانم وەسفی بکەم، چونکە من خۆم ئەوەم نیە، هەروەها ئەوەی دەلیت سۆکرات ئەو چەشنە داناییەی هەیە، ئەوە بەهەلەدا دەچیت و، لەکەسیتی من دوور دەکەویتەوە. لیرەشدا، ئۆ، پیاوانی ئەسینا، پیویستە داواتان لیبکەم قسەم پی نەبرن، تەنانەت ئەگەر وادیاربیت کەشتیك دەلیم زیدەرۆیی تیدا بیت. چونکە ئەو قسەیەی دەیکەم هی خۆم نیە. من بۆلای شایەتیکتان دەنیرم کەشایستەی متمانە پیکردنە، ئەو شایەتە خوداکەی دیلفییە•.. ئەو دەربارەی داناییەکەی

• **دیلفی** **Delphi** یەکیکە لەشارەکانی یۆنانی دیرین، شوینی ئاهەنگگیران و یادکردنەوەی خوداوەندی ئەپۆلۆیە **Apollo**، دەکەویتە سەربەرزاییەکانی شاخی پارناس لەفۆسیس (کەئیستا پیی دەوتریت ناوچەی فۆکیس) و نزیکەی 9.5 کیلۆمەتر لەکەنداوی کۆرینسەوە دوورە. ئەسیانییەکانی ئەوسا بەناوەراستی زەمین لەقەلەمیان دەدا. پیشتریش ناوچەی تایبەتی خوداوەندی زەمین بووە واتە گایا **Gaea**، بەپیی ئەفسانەکان ئەپۆلۆ ئەو ئەژدیهایەی کوشتووە کەپاسەوانی گایا بووەو گایای لەپیرۆزیی بیبەش کردووەو پیرۆزییەکەی بەخشیوە بەدیۆنیزیۆس. کاهینەکانی دیلفی چەند سروتیکی تایبەتییان پیرەو کردووەو سەرکردەیەکیان هەبووە پیی

من بۆتان دەدویت، ئەگەر من داناییەکم هەبیت، هەروەها پیشتان دەلیت چ جۆرە داناییەکیشە. دەبێ ئیوە چیرۆفۆن بناسن، ئەو لەزووەوە هاوریی من بووە

21a هەروەها هاوریی ئیوەش بووە، چونکە بەشداریی کردووە لەدوورخستنەوەی ئەوخەلکانەدا کەلەم دواییەدا دوورتان خستنەوە، لەگەلٚ ئیوەشدا گەراوەتەوە. باشە، هەروەك خۆشتان دەزانن، چیرۆفۆن لەهەموو ئەو شتاندا کەکردوونی زۆر هەلەشە بووە. چووە بۆ پەرستگاکەی دیلفی و بەجەسارەتەوە پرسیاری لەسرووش* کردووە تاپیی بلیت.. وەك وتیشم، پیویستە

وتراوە پیسیا، گوزارشتی لەوتەو پیشبینی و ئاخاوتنەکانی ئەپۆلۆ دەکردو دەیگەیاندن بەمرۆڤ. پیسیا سروشەکەی ئەپۆلۆی گەیاندووە بەهاوریکەی سۆکرات.

* سروش ,Oracle وەلامیکە لەلایەنی یەزدانەوە یاخود هیزیکی ژوورووی سروشتەوە، دەدریتەوە بە عابیدیك یان پرسیارکەریك، لەو شوینەدا کە سروشەکەی تیدا. ئەو وەلامەی کە واگریمانە دەکریت لەلایەنی ئیلهامی یەزدانییەوە درابیتەوە، لەریی نیوەندیکی مرۆییەوە (یان سروشتییەوە) دەگەیەنریت بە خەلك، لەریی کاریگەرییانەوە لەسەر چەند شتیك، وەکو لە زرنگەیەکەوە لەشاری دیریتی دۆدۆنای یۆنانییدا، یاخود هارەی زنجیریك کە رەشەبایەکی بەهیز دەیلەرینیتەوە، یاخود لەریی جولانەوەی ئاژەلیکی پیرۆزەوە.

تکاتـــان لیبکـــەم کـــەپیم نـــەبرن، ئـــەو بەجەســـارەتەوە پرسـیاری 21b لەسـرووش کردبـوو پیـی بلیـت ئایـا کەسیك هەیە لەمن داناتر بیت، پیسیا وەڵامـی دابـووەوە، کەسیکی لەمن داناتر بوونی نیە.

چـیرۆفۆن خـۆی مـردوە، بـەڵام براکـەی کەلـەدادگا ئامادەیـــە، راســـتی ئـــەو قســـانە دەســـەلمینیت کـــەمن دەیانکەم.

21c من بۆچی ئاماژە بۆ ئەمە دەکەم؟ چونکـە خـەریکم بۆتان روون دەکەمەوە کەبۆچی ئەم شۆرەتە بەدەم هەیـە. کـاتیك گویـم لەوەڵامەکـە بـوو، بـەخۆمم ووت، دەبـێ خوداوەنـد مەبەسـتی لـەچی بیـت؟ لیکدانـەوەی ئـەم مەتەلەی ئەو چیە؟ چونکە من دەزانم داناییم نیـە، نەکـەم و نەزۆر. کەواتە دەبێ مەبەستی لەچی بیت کەدەلیت مـن داناترینی پیاوەکانم؟ هـەرچۆنیك بیـت ئـەو خوداوەنـدەو، درۆ ناکات، چونکە درۆکردن دژی سروشتی خوداوەندان دەبیت. دوای تیرامانیکی دریـژ، بیرم لەریگایـەك کـردەوە

سرووش دەگەریتەوە بۆ سـەردەمە دیرینـەکان، لەمیسـری دیرینـدا، نزیکەی هەموو پەرستگاکان جیگای سـروش وەرگرتـن بـوون. دواتـر یەکیك لەخەسلەتەکانی ئامون بریتـی بـوو لەسـروش بۆهـاتن، لـەناو میرگی سیوادا لەمیسر ئەوکارەی دەکرد.

بۆ تاقیکردنەوەی پرسیارەکە. بیرم لەوەکردەوە کەئەگەر بتوانم تاقە پیاویك بدۆزمەوە لەخۆم داناتر بیت، ئەوا بەلگەی رەتکردنەوەی سروشەکەم دەست دەکەویت و دەتوانم بچم بۆ لای خوداوەندو، پیی بلیم" ئەوە پیاویکە لەمن داناترە، بەلام تۆ وتووتە من داناترین کەسم" بەم پییە، چووم بۆ لای پیاویك کەشۆرەتی دانایی هەبوو، کەوتمە تاقیکردنەوەی.. .. پیویست ناکات ناوی بهینم. سیاسەتمەداریك بوو کەهەلمبژاردبوو بۆ تاقیکردنەوە.. ئەنجامەکەشی بەمشیوەیەی خوارەوە بوو: کاتیك دەستم کرد بەقسەکردن لەگەلیدا، نەمتوانی بیر لەوە نەکەمەوە کەئەو بەراستی هیچ دانا نیە، ئەگەرچی لەلایەنی زۆرکەسەوە بەدانا دادەنراو، خۆشی پیی وابوو کەدانایە، بەلام لەراستیدا وانەبوو.

21d ویستم بۆی روون بکەمەوە، کەئەو خۆی وادەزانیت دانایە، دەنا لەراستیدا دانا نیە. سەرەنجامەمەشی ئەوە بوو کەرقی لی هەلگرتم و، شەش حەوت کەسیکیش کەلەوێ بوون و گوییان لەقسەکانمان بوو، ئەوانیش کەوتنە دوژمنایەتیکردنم. بۆیە ئەوم بەجیهیشت، بەدەم ریوە بەخۆمم دەووت: باشە، من گریمانەی ئەوە ناکەم هیچ کەسیك لەئیمە، هیچ شتیکی وا بزانیت کەبەراستی جوان و چاك بیت، بەمەش من لەو

باشترم.. چونکە ئەو هیچ نازانیت، بەڵام پیی وایە کەدەزانیت. مــن نـازانم و ناشـلیم دەزانم. کەواتــە بــەم سیفەتە تایبەتییەی دوایی من لەو باشترم. ئینجا چووم بۆ لای یەکیکی تر کە 21e ئەمیان زیاتر لافی دانایی لیدەدا، سەرەنجامەکەشم ریک وەك ئەوەی تر وابوو. بەمە ئــەویش و ژمارەیــەکی زۆری تریــش خــەلکم کــرد بەدوژمنی خۆم.

ئینجا یەك لەدوای یەك، چووم بۆ لای هەموو پیاوەکان بێ ئەوەی بێ ئاگا بم لەو دوژمنایەتییە بیت کەبۆخۆمی دەسازینم، من لەوە دردۆنگ بووم و لیی دەترسام: بەڵام ئەوە ئەرکیك بوو لەسەر شانم.. ، وام بەبیردا هات کەپیویستە جارێ گرنگیی بەوتەکەی خوداوەند بدەم. بۆیە بەخۆمم وت، خودایە، دەبێ بچمە لای هەموو ئەوانەی کەوادیارە دەزانن، دەبێ مانای 22a سروشەکە لیکبدەمەوە. من سویندتان بۆ دەخۆم!.. ئەی ئەسینییەکان بەسەگ سویند دەخۆم.. چونکە پیویستە راستییتان پی بلیم.. ئەنجامی ئەرکەکەی من تەنیا بریتی بوو لەمە: بۆم دەرکەوت ئەوپیاوانەی لەهەمووان شۆرەتیان زیاترە، ئەوانە، بگرە لەهەموو کەس گەمژەترن، بەلکو خەلکیکی لەوان نزمتر بەراستی داناترو باشتر بوون. من ئەو چیرۆکی گەرانەکەی خۆمنتان بۆ

دەگیرمەوە، بەدوای وتەکەی سرووشدا یان و وەکو ناوم لیناوە (کارەکانی هیراکلیس)* ویستوومە لەکۆتاییدا سرووشە رەت نەکراوەکە بسەلمینم.
دوای سیاسەتمەدارەکە،

22b **چووم بۆ لای شاعیرەکان، تراجیدیانووسەکان بن یاخود داستان نوسەکان یان هەرچەشنیکی تر. لەویش لەدلی خۆمدا دەمووت، ئیستا بەتەواویی بۆت دەردەکەویت کەتۆ زۆر لەوان نەزانتریت. بەمجۆرە، چەند برگەیەکی نایابم لەنوسینەکانیان وەرگرت، کەوتمە پرسیارکردن دەربارەی ماناکانیان .. وام دەزانی ئەوانە شتیکم فیردەکەن. ئایا ئیوە بروام پیدەکەن؟ هەست بەشەرمەزاریی دەکەم لەوتنی راستییەکە، بەلام پیویستە بلیم کەزەحمەتە لیرەدا تاقە کەسیك هەبیت و نەتوانیت لەوان باشتر دەربارەی شیعرەکانی ئەوان بدویت.**

22c **ئەوکاتەش زانیم کە شاعیرەکان بەهۆی داناییەوە شیعر نانوسن، بەلکو بەهۆی چەشنە سروشیکی بلیمەتانەوە، ئەوانە وەکو پیشبینیکەر یان بەختگرەوە**

---

* لیرەدا سۆکرات مەبەستی لە هیراکلیسی کوری جۆپیتەرو ئەلکۆمانە کە نیمچەخودایەکی بەهیزو توانا بووە، دوازدە کاری بەمجار نارەحەت و نیوداری ئەنجامداوە.

وەهــان، کەئــەوانیش گــەلی شــتی بــاش دەلیــن، بــەلام خۆشــیان لــەماناکانیان تیناگــەن. شــاعیرەکانیش وەکــو شــتیکی ئــاوا هاتنــە بــەرچاوی مــن، لەمــەش زیــاتر بــۆم دەرکــەوت کەلــەتویی بــەهیزیی شــیعرەکانیانەوە خۆیــان واتیدەگەن لەو پیاوانە داناتر بن کەخەریکی شتی ترن، وەلی ئەمانە بەهیچ جۆریك دانا نین. بۆیە دەسبەرداریان بــووم و خۆمــم قــایل دەکــرد کــەمن لەبەرهــەمان هــۆی پیشووم لەگەڵ سیاسەتمەدارەکەدا، لەوانیش داناترم.

دواجــاریش، چــووم بــۆ لای پیشەســازەکان، مــن بەهوشیارییەوە دەمزانی 22d کەهیچ نازانم، وەك دەشیت بلیم، دلنیاش بووم کەئەوانە گەلی شتی باش دەزانن، لیرەدا بەهەلدا نەچووبوم، چونکە ئەوان زۆر شتیان دەزانی کەمن دەربارەیان نەزان بووم، لەمەشدا ئەوان بەراستی لەمن داناتر بوون. بەلام سەرنجمدا کەتەنانەت پیشەسازیکی زۆر باشیش کەوتونەتە هەمان هەلەی شاعیرەکانەوە.. لەبەرئەوەی ئەوان پیاوانیکی لیهاتووی کارکردن بوون، بەلام ئەوانیش پییان وابوو کەدەربارەی مەسەلە بلندو بالاکان، هەموو شتیك دەزانن، ئەم ناتەواوییەش سیبەریکی بەسەر دانایییەکەیاندا کیشاوە، 22e بۆیە لەبریتی سرووشەکە لەخۆمم پرسی، ئایا من پیمخۆش دەبیت هەر ئاواهی بم، واتە هەم زانینەکەی

ئـەوان و، هـەم نەزانییەکەشـیانم نـەبێت، یـاخود منیـش وەکــو ئـــەوان وابم لەهــــەردوکیاندا، وەڵامـــی خــــۆم و سرووشەکەم دایەوە کەمن چۆن هەم ئاوا باشترم.

ئـەم لێپرسـینەوەیە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ناحـەزم زۆر ببێت، لەخراپترین و 23a مەترسیدارترین جۆریش، بواری رەخسـان بۆ ئەوەی بوختـانیکی زۆرم پێبکـەن. مـن پێـم دەوترێت دانا، چونکە بیستەرەکانم وادەزانن خۆم ئـەو داناییـەم هەیـە کـەلای خـەلك بـۆی دەگـەڕیم: بـەڵام، ئـۆ پیاوانی ئەسینا، راستییەکەی ئەوەیە بەتەنیا خوداوەند دانایەو، بەوەڵامەکەشـی* هـەولیداوە پیشـانی بـدات کـە دانـایی مـرۆڤ یـەکجار کەمـە یـان هـەر هیـچ نیـە، ئــەو دەربارەی سۆکرات

23b قسـە ناکـات، نـاوی منـی تـەنیا بـۆ روونکردنـەوە بـەکارهیناوە، وەك ئـەوەی بلێت، ئۆ، پیاوینـە، دانـاترین کەســیش، وەکـــو ســـۆکرات، دەزانیـــت کەلەراســـتیدا داناییەکەی هیچ نیە. بۆیە من گوێڕایەڵانە بۆ خوداوەند، دەگـەڕیم و دەپشــکنم و پرســیار لــەدانایی هەرکەسـیك دەکـەم، چ هاوشاریی بێت یـاخود بیگانــە، کـەوادیاربێت

---

* مەبەسـتی سـۆکرات لەوەڵامەکـەی خوداوەنـدە بـۆ پرسـیارەکەی چیرۆفۆن کە پرسیبووی لەسۆکرات داناتر کێیە؟

داناییت، وەلی ئەگەر دانا نەبیت، ئەوا ئەو بەلگەیەی لەسروشەکەدا هەیە، پیشانی دەدات کەدانا نیە، ئەم کارەشم بەتەواویی داگیری کردووم، هیچ کاتیکم نیە تەنانەت بایەخ بدەم بەهیچ بایەتیکی 23c میللیش، یاخود بایەخ بەهیچ شتیکی تایبەتی خۆشم بدەم، هەربۆیەشە لەبەر دلسۆزییەکەم بۆ یەزدان، هەژارو نەدارم.

شتیکی تریش هەیە.. لاوانی سەر بەچینە دەولەمەندەکان، کەهیچ شتیکیان نیە بیکەن، خۆیان لەدەورم کۆدەبنەوە، حەزدەکەن گوییان لەخۆ دەرخەران بیت کەتاقیدەکرینەوە، زۆرجاریش لاسایم دەکەنەوەو، دەست دەکەن بەتاقیکردنەوەی خەلکی تر، کەزۆریشن، ئەمانیش هەرزوو بۆیان دەردەکەویت، کەئەوانەی پییان وایە شتیك دەزانن، بەلکو لەراستیدا کەم دەزانن یان هیچ نازانن، ئەوکاتەش ئەوانەی تاقیکراونەتەوە، لەجیاتی ئەوەی لەخۆیان توورە بن، لەمن توورە بوون: دەلین ئەم سۆکراتە نەفرەتلیکراوە، 23d ئەم فریودەرە هیچ و پووچەی لاوەکان!.. ئینجا ئەگەر یەکیك پرسیاریان لیبکات، بۆچی، ئەو چ خراپەیەك دەکات و فیری خەلکیشی دەکات.؟ ئەوان نازانن، ناشتوانن بیلین، بەلام بۆئەوەی دۆراو دەرنەکەون، هەمان ئەو تۆمەتە

حازربەدەستانە دووبارەدەکەنەوە کەئاراستەی هەموو فەیلەسوفەکان کراون، گوایە فیری ئەو شتانەمان دەکەن کەلەسەرووی 23eهەورەکان و ژیر زەمیندا بوونیان هەیە، هەروەها باوەریان بەهیچ خوداوەندیك نیە، بەرگی چاکە دەکەن بەبەری خراپەدا، چونکە ئەوان نایانەویت دان بەوەدا بنین کەخۆدەرخستنیان بەوەی دەزانن هەلمالراوە.. کەئەوەش راستییەکەیە، ئەوان زۆریشن و چاوبرسی و چالاکیشن، راشکیشراون بۆ شەرەکەو زمانیکی قایلکەرانەشیان هەیە، ئەوانە گویی ئیوەیان پرکردووە لەبوختانە سەختەکەیان. بۆیە ئەمەیە هۆی ئەوەی بۆچی 24a سێ تاوانبارکەرەکەی من میلیتۆس و ئانیتۆس و لیکۆن، دژایەتییم دەکەن، میلیتۆس دژم وەستاوەتەوە بۆ ئەوەی نوینەرایەتی شاعیرەکان بکات، ئانیتۆس لەجیاتی پیشەسازەکان و سیاسەتمەدارەکان، لیکۆنیش لەبری رەوانبیژەکان. هەروەك لەسەرەتاشدا ووتم، من ناتوانم لەیەك ساتدا ئەم هەموو بوختانە رەت بکەمەوە. پیاوانی ئەسینا، ئەمەش راستییەکەیەو هەموو راستییەکەشە، هیچ شتیکم نەشاردۆتەوە، هیچ شتیکم نەشیواندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزانم کەراشکاوییەکەم لەقسەکردندا، وایان لیدەکات رقیان لیم ببیتەوە، ئەم رقەش هیچ نیە لەبەر ئەوە نەبیت کەبەلگەیەکە لەسەر

24b ئـەوەی مـن راسـتی دەلیـم؟.. ئەمــەش ناحەقییەکـە بەرامبــەری مـن هــەوەها ئەمەشـە هۆیەکـەی، وەك بۆتـان دەردەکـــەویت لـــەم لیپرســـینەوەیەدا بیـــت یـــان لەلیپرسینەوەیەکی داهاتووتردا.

دەربـارەی گروپـی یەکـەمی تاوانبارکـەرانم، هینـدە بەسـە بـۆ داکۆکیکـردن. ئیسـتا دەچمـە سـەر گرووپـی دووەم. سەرکردەکەیان میلیتۆسە، ئەم پیاوە باشەی کە بەراستی بۆ شارەکەی خۆی دلسۆزە، وەك خۆی دەلیت. پیویسـتە لەبەرامبـەری ئەمانیشـدا، داکۆکییـەك لـەخۆم بکـەم.. گـەر شـایەتییە سـویند لەسـەر خوراوەکـەیان بخوینریتـەوە: شـتیکی لـەم بابەتـەی تیدایـە: دەلیـت سـۆکرات خراپـە کـارە، کـە لاوەکـان بـەدخوو دەکـات، بـرواشـی بـەخوداوەندەکانی 24c شـار نیـە،بـەلکو یەزدانگەراییـەکی تایبـەت بـەخۆی هەیـە. ئەمەیـە تۆمەتەکە. بائیستا بەتایبەتی لیی بکۆلینەوە. ئەو دەلیت کەمن خراپە کارم، هەروەها لاوانیش خراپ دەکەم. بەلام ئـۆ پیـاوانی ئەسـینا، مـن دەلیـم میلیتـۆس خـۆی خراپەکارەو، لاوانیش تیك دەدات، ئەو لەکاتی جیدیـدا گالتـە دەکـات، ئـەو بـۆ خۆرانـان حـەزی لەوەیـە خـەلك رابکیشـیت بـۆ دادگـا، چیـژ لـەو مەسـەلانە وەردەگریـت

کەخۆی هەرگیز بایەخی پینەداون. من هەوڵ دەدەم ڕاستیی ئەمەتان بۆ ڕوون بکەمەوە.

میلیتۆس، وەرە پیشەوە، باپرسیاریکت لی بکەم.

24d . تۆ زۆر بیر لەچاککردنی لاوان دەکەیتەوە؟

. بەلێ، وایە.

. کەواتە، بەدادوەران بلێ، چاککەری لاوان کییە، چونکە پیویستە تۆ ئەمە بزانیت، مادام تۆ ئازارت پیگەیشتووە، بەوەی خراپکەرەکەیانت دۆزیوەتەوەو، هاتووی لەبەردەمی دادگادا تاوانبارم دەکەیت و شایەتییم لەسەر دەدەیت. بلێ، کەواتە بەدادوەران بلێ چاککەریان کییە.. میلیتۆس دەبینم بیدەنگیت و هیچت پێ نیە بیلییت. بەڵام ئایا ئەمە تارادەیەك شەرمەزاریی نیە بۆ تۆو، بەلگەیەکی زۆر بایەخداریش بۆ سەلماندنی ئەوەی 24e کەمن دەمووت تۆ ئەم مەسەلەیەت بەلاوە گرنگ نیە؟ هاوریم، قسە بکە، پیمان بلێ کێ چاککەری لاوانە.

. یاساکان.

. بەڵام، گەورەی بەریزم، ئەمە مەبەستەکەی من نیە، من دەمەویت بزانم ئەو کەسە کییە، کییە ئەوەی لەهەموو کەس زیاتر شارەزای یاساکانە.

. سۆکرات، ئەو دادوەرانەی لەدادگادا ئامادەن.

. 25a دەتــەویت بلییــت چــی، میلیتــۆس، ئــەوان لەتوانایاندا هەیە لاوان فێر بکەن و چاکیان بکەن؟

. بێشك وان.

. چی، هەر هەموویان، یان تەنیا هەندیکیان، نەك هەر هەموویان؟

. هەر هەموویان.

. بــەهیرای* خوداوەنــد ئەمــە هــەوالیکی خۆشــە! چاککەرانی لاوان زۆرن، کەواتە، بۆ ئامادەبووەکانی تری نــاو دادگــاش چــی دەلییــت.. ئایــا ئــەوانیش چاکیــان دەکەن؟

. بەلێ دەیکەن.

---

* هــــیرا **Hera** لــــەمیتۆلۆجیای گریکییــــدا، بریتیــــە لەشــــاژنی خوداوەندەکــان، کچــی کرۆنۆســـی **Cronus** مـــەزن و ریـــای **Rhea** هاوســەریتی، خوشــك و هاوســەری زیۆســە **Zeus**. هــیراخوداوەندی زەماوەندو پاریزگاریی کردنی ژنانی بــەمیرد بــووە. دایکــی ئاریســی **Ares** خــودای جــەنگ و، هیفایستۆســـی **Hephaestus** خوداوەنــدی ئاگرو، هیبای **Hebe** خوداوەندیی لاویی، لەگەڵ ئیلیتایـای **Eileithyia** خوداوەنـدی مندالبــوون بــووە. هــیرا هاوســەریکی دلپیــس بــووە لەمیردەکەی، زۆرجار ئــازاری ژنــە دۆســتەکانی میردەکــەی و مندالــە ناشــــەرعییەکانی دەدا، هــــەرگیز بریندارکردنــــی هەســــتی بــــیر تەدەچوەوەو گیانیکی تۆلسینانەی هەبووە.

. سیناتۆرەکانیش؟

. بەڵێ سیناتۆرەکانیش چاکیان دەکەن.

. بەڵام رەنگە ئەندامانی ئەنجومەن خراپیان بکەن؟.. یان ئەوانیش چاکیان دەکەن؟

. ئەوانیش چاکیان دەکەن.

. کەواتە هەموو ئەسینییەکان چاکیان دەکەن و بەریزیان دەکەن، هەموویان جگە لەمن، منیش بەتەنیا خراپیان دەکەم؟ ئایا ئەمەیە کەتۆ جەختی لەسەر دەکەیت؟

جاخۆ ئەگەر وابیت ئەوا من زۆر بەدبەختم. بەڵام وادابنێ من پرسیاریکی تریشت لیدەکەم: ئەی دەربارەی ئەسپ دەلییت چی؟ ئایا یەك دانە پیاو خراپەیان لەگەلدا دەکات و هەموو جیهانیش چاکەیان لەگەلدا دەکەن؟ ئایا پیچەوانەی ئەمە بەتەواویی دروست نیە؟ یەك پیاو دەتوانیت چاکەیان لەگەلدا 25b بکات، یاخود بەلایەنی کەمەوە چەند کەسیکی زۆر نا.. مەیتەری ئەسپ، ئەگەر بلییت ئەو چاکەیان لەگەلدا دەکات، ئەوانیتریش کەکاریان پیدەکەن و ئازاریان دەدەن؟ میلیتۆس ئەمە بۆ ئەسپەکان، یان هەر گیانەوەریکی تر راست نیە؟ بیشك راستە، ئەگەر تۆ یان ئانیتۆس بشلین بەلی 25c یان نەخیر. بەراستی ئەگەر لاوەکان تەنیا یەك خراپکەریان

هـەبیت و، سـەرباقی جیـهانیش چاککـەرانیان بـن، ئـەوا حالیــان هــەر زۆر بــاش دەبیــت. بــەڵام میلیتــۆس، تــۆ بـەروونیی دەرت خسـت کـەهیچ شـتیك دەربــارەی لاوان نازانیت: بیموبالاتییەکەت لەوەدا دیارە کەگوێ نادەیتە ئەو هەموو شتانەی دژی من هیناوتنەتەوە.

. ئیستا، میلیتـۆس، پرسیاریکی تریشـت لیدەکـەم.. تــوو زیــۆس•، کامیــان باشــترە، لــەناو هاوشــارییە خراپەکاندا بژیت، یاخود لـەناو هاوشـارییە باشـەکاندا؟ هــاوریم، وەڵام بــدەرەوە، مــن دەلیــم: پرســیارەکە، پرسیاریکە بەئاسانی وەڵامی دەدریتەوە. ئایا چاکەکان چاکــە لەگــەڵ دراوســیکانیاندا ناکــەن، خراپــەکانیش خراپەیان لەگەلدا ناکەن؟

• زیـۆس Zeus لـەمیتۆلۆجیای یۆنـانییدا، خوداوەنـدی ئاسمــان و فـەرمانرەوای خوداوەندەکانی ئۆلیمپـە، رۆمانییـەکان پیـی دەلیـن جۆپیتـەر Jupiter. بــەپیی گیرانــەوەی هۆمــیرۆس زیـۆس بــاوکی خوداکــان و نەمرەکانــە. ئــەو هیــچ خوداوەندیـك یــان نـــەمریکی نەخولقاندووە، بەڵام بەو سـیفەتەی پـاریزەرو فـەرمانرەوای خـیزانی ئۆلیمــپ و رەچەلــەکی مرۆڤیشــە، بــەباوکیان لەقەلــەم دەدریــت. سەروەری ئاسمان و بارانیشەو هەورەکانیش بەریوە دەبات خاوەنی هــەورە بروســکەی تۆقینــەرە، بــالندەی هــەلبژاردەی داڵ بــووە، درەختی خۆشەویستی داربەرووە.

. بێ شك.

25d . جا ئایا كەس هەیە حەز بكات ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین خراپەی لەگەڵدا بكەن نەك چاكە؟ وەڵام بدەرەوە، هاوڕێ باشەكەم، یاسا داوات لێدەكات وەڵام بدەیتەوە.. كەس هەیە حەز بكات ئازاری بدرێت؟

. بێگومان نا.

. جاكەتۆ تاوانبارم دەكەیت بەوەی لاوان خراپ دەكەم و خوویان شەر دەكەم، تۆ دەڵێیت من بەمەبەست خراپیان دەكەم یان بەبێ مەبەست؟

. دەڵێم بەمەبەست.

. بەڵام تۆ هەرئێستا دانت بەوەدا نا، كەچاكەكاران چاكە لەگەڵ دراوسێكانیاندا دەكەن، خراپەكارانیش خراپەیان لەگەڵدا دەكەن. ئێستا، ئایا 25e ئەوە راستە كەدانایییە بلندەكەی تۆبەم تەمەنە كەمەتەوە گەیشتۆتە ئەوەی كە، من لەم تەمەنەی خۆمدا، ئەوەندە بیرتاریك و گێلم كەنەزانم ئەگەر ئەو پیاوانەی دەبێت من لەگەڵیاندا بژیم، بەهۆی منەوە خوویان شەر كرابێت، زۆر بەسانایی لەلایەنی ئەوانەوە ئازار دەدرێم، كەچی خۆم خوویان شەر بكەم و بەئەنقەستییش وابكەم، تۆ ئاوا دەڵێیت، لەوباوەڕەدا نیم بەم قسانە نەمن و نەهیچ كەسێكی ترت پێ قایل بكرێت. كەواتە من یان خوویان شەر ناكەم ،

یاخود بەمەبەست وا ناکەم، لەهەردوو حالەتەکەشدا تۆ درۆ دەکەیت. ئەگەر خراپەکارییەکەم بەمەبەست نەبیت، یاسا سزای خراپەی کاری بێ مەبەست نادات، دەبوو تۆ بەشـــیوەیەکی تایبـــەتی پیـــت بوتمایـــەو وریـــات بکردمایەتەوەو ئامۆژگارییت بکردمایە، چونکە من ئەگەر بەشـــیوەیەکی باشـــتر ئامۆژگـــاریم بکرایـــە، ئـــەوا دەسبەرداری ئەوە دەبووم کەبەبێ مەبەست کردوومـە.. گومان لەوەدا نیە کەدەمکرد. بەلاَم تۆ هیچت پێ نەووتم، نەتویست فیرم بکەیت، ئیستاش منت هیناوە بۆ ئەم دادگایە، کەشوینی فیرکردن نیە، بەلکو شوینی سزادانە.

ئەسینییەکان، هەروەکو باسمکرد، بۆتان روون بۆوە، کەمیلیتۆس بەهیچ جۆریک گوێ نادات بەمەسـەلەکە، نەکەم و نەزۆر. بەلاَم میلیتۆس هیشتا 26a هەر حەز دەکـەم بـزانم، مـن بۆچـی لاوان خـراپ دەکـەم، وەك لەتۆمەتەکەی تۆوە بۆم دەردەکەویت، من فیریان دەکەم باوەر نەکەن بەو خوداوەندانەی کەشار باوەری پییانە، بەلاَم چەشنە یەزدانگەرییەك یاخود رۆحیانەتیکی تازە دەخەمە جیگەیان، ئەمە ئەو فیرکردنەیە کەبەهۆیەوە من خووی لاوان شەر دەکەم، وەکو تۆ دەلییت.

. بەلێ بەمکومیی وادەلیم.

. کەواتە، تو یەزدانەکان، میلیتۆس، ئیمە دەربارەی کێ دەدویین، 26bبەراشکاویی بەمنیش و بەدادگاش بلێ، مەبەستت چیە! چونکە من هیشتا لەوە تیناگەم ئایا تۆ جەخت لەوە دەکەیت ئایا من پیاوانی تر فیر دەکەم تاباوەر بەخوداوەندیك بهینن، کەواتە من باوەرم بەخوداوەندەکان هەیە، هەروەها من بەتەواویی بێ خوداوەند نیم.. تۆ لەشکاتەکەتدا باسی ئەمەت نەکردووە.. بەلکو تەنیا دەلییت ئەوانە هەمان ئەو خوداوەندانە نین کەشار دەیانناسن.. تۆمەتەکە ئەوەیە کەئەوانە خوداوەندی جیاوازن. یاخود تۆ مەبەستت لەوەیە کەمن بەسادەیی بێ خوداوەندم و، مامۆستای بێ خوداوەندییم؟

. من مەبەستم لەمەی دواییانە.. تۆ بەتەوایی بێ خوداوەندیت.

چەند دەربرینیکی نائاساییە! میلیتۆس، تۆ بۆچی پیت وایە؟ ئایا 26cبەراستی پیتوایە من باوەرم بەهیچ خودایەك نیە؟ مەبەستت لەوەیە کەمن وەکو خەلکی تر باوەرم بەخوداوەندایەتی خۆر یان مانگ نیە؟

. دادوەرینە من دلنیاتان دەکەم، ئەو باوەری پییان نیە: چونکە دەلیت خۆر بەردە، مانگیش خاکە.

. هـــاوریم، میلیتـــۆس، تـــۆ پێـــت وایـــە کـــە تـــۆ ئەناکساگۆراس* تاوانبـار دەکـەیت: هـەروەها تـۆ خـراپ لەدادوەرەکان تێگەیشتوویت، گەر وابزانیت ئەوان هەتا ئەو رادەیە بێئاگان کەنەزانن ئەم پیرەوانە لەکتێبەکانی ئەناکساگۆراسی کلازۆمینیدا هـەن، کـەپڕن لـەم شـتانە. بۆیـە بەراسـتی ئـەوەی دەوترێـت کەسـۆکرات فـێری لاوەکـانی دەکـات، کـەچی گـەلێك جـار لەسـەرتەختەی

---

* ئاناکساگۆراس Anaxagoras (500?-428BC) فەیلەسوفیکی یۆنانییـە کـە پێناسـەی بیرۆکـەی نـاوس ـ واتـە عـەقلی کـردووەو کردوویـەتی بەیـەکێك لـە رەگـەزە بنەرەتییـەکانی فەلسـەفە، چونکـە پێـش ئـەو فەلسـەفە تـەنیا خـاك و هـەواو ئـاگرو ئـاوی بەرەگـەزی بنچینـەیی دادەنا. ئەناکساگۆراس یەکەمین فەیلەسوفە کە لەئەسینا نیشـتەجێ بووبێـت، کـەدوای ئـەو دەبێـت بەسـەنتەرێکی گەشـاوەی فەلسـەفە. لەقوتابییەکانی ئەم فەیلەسوفە پارکلیس و یۆرپیـدس و هـەندیکیش دەلێن سۆکراتیش بوون. ئەناکساگۆراس نزیکەی سی ساڵ لەئەسینا وانـەی وتووەتـەوەو، پاشـان لەبەرئـەوەی دەیـووت خـۆر جگـە لەبـەردێکی گـەرم و مـانگیش تـەنیا خاکیکـەو هیچـی تـر، دەخرێتـە زیندانەوە. یەکەمین کەسە کە دەلێت هەموو مادەکان لەگەردیلە پێك دێن کە بچوکترین بەشی پێکهێنەری ماددەکانە.

شـانۆ بیسـتراون[١] و نرخـی چوونـەژوورەوەی شـانۆش ئەوپەرەکەی یەك دراخمایە ئەوان دەتوانن پارە بدەن و بەسۆکرات پێبکەنن، ئەگەر سۆکرات خـۆی وادەربخات خاوەنی ئەم تیروانینە نائاساییانەیە. بۆیە، میلیتـۆس، ئایـا تـۆ بەراسـتی پیتوایـە کـەمن بـاوەرم بـەهیچ خودایەك نیە؟

26d میلیتۆس: سویند دەخۆم بەزیۆس، کەتۆ بەهیچ شیوەیەك باوەرت بەهیچ خودایەك نیە.

سـۆکرات: کـەس بـاوەرت پێناکـات، مـن زۆر دلنیـام کەتۆ خۆشت باوەر بەخۆت ناکەیت، پیاوانی ئەسینا، من ناتوانم واز لەو بیرکردنەوەیە بهینم کەمیلیتۆس هەلەشەو هەرچی و پەرییـە، ئـەم تۆمەتـەی بـەرۆحیکی هەلەشـەو هەلەت و پەلەت و سەرکیشییکی هەرزەکارانەوە نوسیوە. ئایـا ئـەو مەتـەلیکی 26eتیکـەلّ و پیکـەلّ نـەکردووە، بەخـەیالی خـۆی منـی بـێ تـووش بکـات؟ لەبەرخۆیـەوە وتویـەتی.. دەبینـم ئایا سۆکراتی دانا دەرك بەناکۆکییـە قۆشمەکـەم دەکـات، یـاخود ئایـا دەتـوانم ئـەویش و

---

[١] رەنگە لەئاماژەکانی ئەریستۆفانی گالتەجاردا بووبیت، یاخود یۆرپیدس کە بیرۆکەکانی ئەناکساگۆراسی خواستۆتەوە، هەروەها شاعیرە درامییەکانی تریش.

ئەوانیتریش فریو بدەم. چونکە بەدلنیاییی لای من روونە کەئەو لەتاوانبارکردنمدا، لەگەڵ خۆشیدا ناکۆکە، دەلیت سۆکرات تاوانبارە بەوەی باوەری بەخوداکان نییە، هەروەها باوەریشی پییانە.. وەلی ئەمە ئیشی کەسیك نیە کەبەراستی بیت.

27a حەزدەکەم ئیوەش، ئۆ پیاوانی ئەسینا، لەگەلمدا بینە ناو تاقیکردنەوەی ئەوەی کەمن پیموایە ناکۆکییەکەی ئەوی گرتۆتە خۆی، هەروەها ئایا میلیتۆس تۆ وەلام دەدەیتەوە. پیویستە تکاکەم بیری بینەران بخەمەوە کەئەگەر بەوشیوەیەی راهاتووم ئاوا قسەم کرد، ئەوان بۆژۆم نەکەن:

. میلیتۆس، ئایا تۆ هەرگیز باوەرت بەبوونی پیاویك هەبووە باوەری 27b بەبوونی شتەکان هەبووبیت، بەلام باوەری بەبوونی مرۆڤ نەبووبیت؟.. پیاوانی ئەسینا، حەزدەکەم وەلامم بداتەوە، نەك بەردەوام هەر هەلپەی ئەوەی بیت قسەم پێ ببریت. کەس هەیە باوەری بەمەیتەریی هەبیت بەلام باوەری بەئەسپ نەبیت، یان باوەری بەژەنینی فلوت هەبیت ، بەلام باوەری بەفلوت ژەن نەبیت؟ نەخیر، هاوریم، من وەلام بۆ تۆو بۆ دادگاش دەدەمەوە، مادام تۆ ناتەویت بۆخۆت وەلام بدەیتەوە. هەرگیز پیاویکی ئاواهی بوونی 27c نیە. بەلام ئیستا

تکایە وەڵامی ئەم پرسیارەی تریان بدەرەوە: ئایا پیاویك دەتوانیـت بـاوەری بەرۆحانییـەت و هـیزە یەزدانییـەکان هـەبیت، بـەڵام بـاوەری بـەرۆح یـان نیمچـەخوداوەندەکان نەبیت؟

. ناتوانیت.

. مـن چـەند بەختـەوەرم کەبـەیاریدەی دادگـا، ئـەم وەڵامـەم لی دەرکیشایت!بەڵام تۆ لەتۆمەتەکەدا سویندت خـوارد کـەمن بـاوەرم بـەهیزە یـەزدانیی و رۆحییـەکان هەیەو فیری خەلکیشیان دەکەم (تازە بن یان کۆن، ئەوە گرنـگ نیـە)، هـەرچۆنیك بیـت، مـن بـاوەرم بـەهیزە رۆحییـەکان هەیـە.. تـۆ بەخـەتی خـۆت وات نوسـیوەو سویندیشت لەسەری خواردووە، من چۆن دەتوانم باوەرم بە رۆح یـاخود نیمچە یەزدانـەکانیش نـەبیت، دەتـوانم؟ بۆئـەوەی دلنیـا بیـت، پیویسـتە مـن، هەرلەبەرئـەوەش دەبیـت واگریمانـە بکـەم کەبیدەنگییەکـەت مانـای رازیبـوون رادەگەیـەنیت. ئیسـتا رۆحـەکان یـان 27dنیمچەخوداکان چین؟ ئایا ئەوانە خودا نـین، یـاخود نەوەی خوداکان نین؟

. بێ شك وان.

. بـەڵام ئەمـە ئەوەیـە کـەمن پیـی دەلیـم ئـەو مەتەلـە قۆشمەیەی تۆ دات هیناوە: نیمچەخوداکان یان رۆحەکان

خـودان، تـۆش یەکـەمجار رادەگەیـەنیت کـەمن بـاوەرم بەخوداکان نیە، ئینجا جاریکی تر دەلییت کەمن باوەرم بـــەخوداکان هەیـــە، چونکـــە، ئەگـــەر مـــن بـــاوەرم بەنیمچـەخوداکان هــەبیت. هــەروەها نیمچــە خوداکــان نەوەی ناشەرعیی خوداکان بن، چ بەهۆی حۆرییەکانەوە• یـان هـەردایکانیکی تـرەوە بیـت، بـۆ ئەوانـەی کـەپییان دەوتریت کورەکانیان.. چ مرۆڤیك باوەر بەوە دەکات کە خوداکـان بوونیـان نیـە ئەگـەر نـەوەکانی خـودا بوونیـان هـەبیت؟ لەوانەیـە تـۆ جـەخت لـەبوونی ئیسـتر بکـەیت، 27eبەلاًم نکولیی لەبوونی ئەسپ و کەر بکەیت. میلیتۆس نابیت ئەم شتە پروپووچە وای لەتۆ کردبیت شـکاتم لی بکـەیت. تـۆ ئەمـەت خسـتۆتە نـاو تۆمەتەکـەوە، لەبـەر ئەوەی هیچ شتیکی راستەقینەت بەدەستەوە نیە تا منی پــێ تاوانبــار بکــەیت. بـــەلام هەرکەســیك تۆزقــالیك

• حـۆری Nymphs لـەمیتۆلۆجیای گریــك و رۆمانــەکاندا، ئاســتیکی نزمـتریی یـەزدانیتیی یـاخود گیـانی سروشـتە، نیشـتەجیی ناوبـاخ و بیستان و مــیرگ و تاڤگـەو کـانی و روبـارو دەریاکانـە، خـۆی وەکـو کچیکـی پـاکیزەی جـوان دەنوینیـت کەخـەریکی مۆســیقا ژەنینــەو سەماشـی لەگـەلدا دەکـات. حۆرییـەکان بـەو شــوینەوە دەناســران کەتییدا نیشتەجێ ببوون، وەکو حۆری دەریـا یـان حـۆری بیسـتان، یاخود کچی ئەوان، حۆری شاخەکان یان دارستانەکان .. هتد.

تیگەیشتنی هەبیت، تۆ 28aناتوانیت قایلی بکەیت بەوەی پیـاویك بـاوەری بەیــەزدانیتی و شــتە ژوور مرۆییــەکان هــەبیت، بــەلآم بــاوەری بــەخوداکان و نیمچــەخوداکان و پالەوانەکان نەبیت.

ئەوەی پیویست بوو لەوەلآمی تۆمەتەکەی میلیتۆسدا وتم: ئیـتر هـەر داکۆکییـەکی دریژتـر پیویسـت نیـە، بـەلآم مــــن بــــاش دەزانم کەچــــەند دوژمنایـــــەنیم بۆخـــــۆم خولقـاندووە، هەرئەمـەش دەبیــە هـۆی رووخـاندنی مـن ئەگەر بروخیم.. میلیتـۆس نـا، هـەروەها ئانیتۆسیش نـا، بەلکو ئەو قین و ئیرەییەی جیهانە کەبووەتە هۆی مردنـی چەندان پیاوی باش، هەروەها ریی تیدەچیت ببیتە هۆی مردنی زۆری تریش، مەترسیی ئەوە لـەگۆریٚ نیە کـەمن دواهەمینیان بم.

28bرەنگـە یـەکیك بلیـت: سۆکـرات شــەرم لــەژیانیك ناکـەیت، کەخەریکـە بــەرەو کۆتاییــەکی ئـاوا دەتبـات؟ بەنەرمییەکــەوە وەلآمــی ئــەو کەســەش دەدەمــەوە: تــۆ بەهەلـەداچوویت، پیـاو بەکەلکی هــەموو شـتیك دیـت و، نابیت گویٚ بداتە فرسەتی ژیـان و مـردن، دەبیـت بەتـەنیا بایـەخ بـدات بـەوەی هــەر شـتیك کــەدەیکات راسـتە یـان هەلەیـە.. رۆلـی پیـاوی بـاش ببینیـت یـان هـی 28cخـراپ. بۆیــە لــەتیروانینی تــۆوە، ئــەو پالەوانانــەی لەتــەروادەدا

کــوژران باشــیان نــەکردوو، کورەکــەی تیتیســـیش• لەسەرووی هەموویانەوە، کەهەموویان بەیەکەوە گاڵتەیان بەمەترســی دەهــات و نەیاندەویســت خۆیــان ســووك و ریسوا بکەن، کاتیك بــە پەرۆشــەوە دەیویســت لەتۆڵــەی پاترۆکلیســی هــاوریێدا، هیکتــۆر• بکوژیــت، دایکــە

• تیتیس Thetis لەمیتۆلۆجیای گریکییدا، کچی نیرۆس و دۆریسە Nereus and Doris کەسەر بەخوداوەندنیتی دەریان و وەکو نیریدیس Nereids شـــۆرەتیان دەرکـــردووە، زیۆســـی Zeus گـــەورەی خوداوەندەکـان و پۆسـیدۆنی Poseidon خوداوەنـدی دەریـا حـەزیان لیدەکرد، هەتا ئەوکاتەی هــەردوکیان ئـەو پیشـبینییەیان زانـی کـە، ئەم ژنە کوری کی دەبیت و کورەکەش باوکی خۆی دەکوژیت. بۆیـە دایـان بـە پیلیەسـی Peleus فـەرمانرەوای مـیرمیدۆنس، کــەپیاویکی فانی بوو. تیتۆس لـە پیلیـەس پالـەوانیکی بـوو ناویـان نـا ئەشـیل Achilles.

• هیکتـۆر Hector لـەمیتۆلۆجیای گریکییــدا، کورەگــەورەی پادشــا پیرام و شاژن هیکۆبایە، کەپادشاو شاژنی تەروادە بـوون، هــەروەها هاوســەری ئەندرۆماخیشــە. لەئـەلیادەی هۆمـیردا، هیکتـۆر ئـازاترین شــەرکەری تەروادەیــە. بۆمــاوەی نۆســاڵ ســەرکردەی هیزەکــانی تــەروادە بــووەو دواجــار گریکــەکانی ناچــارکرد بچنــەوە بــۆ نــاو پاپۆرەکانیان، هەرچۆنیك بیــت هیکتـۆر، پـاترۆکلیس دەکوژیت کـە خۆشەویستترین هاوریی ئەشیل بووە، کەئەمیان ئـازاترین پالـەوان و

یەزدانییەکەی بەم وشانە یان چەند وشەیەکی تری لەم بابەتە، پیی ووت (ئەگەر تۆڵەی پاترۆکلیسی هاوریت بکەیتەوەو، هیکتۆر بکوژیت، ئەوا خۆشت دەمریت، دوای مردنی هیکتۆر، هەمان چارەنووس چاوەریی تۆش دەکات). ئەو ئاگادارکردنەوەکەی پیگەیشت، بەلام گویی نەدایەو، لەجیاتی ئەوەی لەمەترسیی و مەرگ بترسیت، گالتەی پییان هات و 28dبیزی لیکردنەوە، زیاتر لەوە دەترسا بەبێ کەرامەتی ژیان بەسەر ببات و تۆڵەی هاوریکەی نەکاتەوە. بۆیە وەڵامی دایکی دایەوە" با تۆڵە لەدوژمنەکەم بکەمەوەو یەکسەر بمرم، نەك لیرە لەسەر ئەم پاپۆرانە بمینمەوەو ببمە پەلەیەکی شەرمەزاریی بەسەر رووی زەوییەوە" . ئەشیل هیچ بیریکی لەمەرگ و مەترسی کردبۆوە؟ چونکە مرۆڤ لەهەرشوینیك بیت، چ ئەو شوینەی کەخۆی هەلی بژاردووە، یاخود لەلایەنی سەرکردەیەکەوە لەویدا دانراوە، ئەوا پیویستە لەکاتی مەترسیدا خۆی رابگریت، جگەلەوەی بیربکاتەوە

شەرکەری یۆنان بووەو، لەداخی ئاگاممنونی سەرکردەی هیزە گەمارۆدەرەکان لەشەر کشابووەوە، ئەشیل لەتۆلەی پاترۆکلیسدا هیکتۆر دەکوژیت و ئەمەش خالی سەرەکیی رمانی تەروادە دەبیت.

ئابرووی نەچیت، نابیت بیر لەمەرگ و هیچ شتیکی تر بکاتەوە. ئەمەش، ئۆ، پیاوانی ئەسینا، قسەیەکی راستە.

28eئـۆ، پیـاوانی ئەسـینا، ئەگـەر ئـەو جەنرالآنـەی خۆتـان هـەلتان بژاردبـوون، بـۆ ئـەوەی لـەپۆتیدیاو ئـەمفیپۆلیس و دیلیومـدا* سـەرکردایەتیمان بکـەن، فەرمانیان پیبکردمایە لەو شوینەدا بمینمەوە کەئەوان بۆیـان دیـاریی کردبـووم، تـاکو هـەر پیـاویکی تـر رووبـەرووی مـەرگ ببمـەوە، بـەلام مـن وام نەکردایـە، ئەوکاتە رەفتارەکـەم یـەکجار نـامۆ دەبـوو.. ئـەی ئەگـەر ئیستا، کاتیك من پیموایەو ئەندیشە دەکەم، کەخوداوەند فـەرمانم پیدەکـات، بـەناو خـودی خـۆم و پیـاوانی تـردا بگەریم و، رۆلـی فەیلەسوف ببینـم. بیم لەترسـی مـردن، یان لەبەر هەرترسیکی تر، ئەرکەکەی سەرشانم بخەمـە لاوە، بەراسـتی ئەمـە شـتیکی نـامۆ دەبیـت. ئەگـەر گویرایەلی سرووشەکە نەبم، ئـەوا جیـی خـۆی دەبیـت، بەتۆمـەتی کفرکـردن بـەبوونی یەزدانـەکان بـهینریم بـۆ

---

* سـۆکرات لەشـەری پیلۆپینیشـیاندا، وەکـو سـەربازیکی پیـادە بەشداریی کـردووەو لەشـەرەکانی پۆتیدیـا ٤٣٢ ـ ٤٣٠ ، هـەروەها دیلـۆم ٤٢٤، لەگـەڵ شـەری ئەمفیپۆلیشـدا، زۆر ئازایانـە جـەنگاوەو هەرگیز سەنگەری چۆڵ نەکردووە.

دادگا، 29aلەبەرئەوەی لەمردن دەترسم، بەخەیالی خۆم من دانابووم، بێ ئەوەی وابم. چونکە لەراستیدا، ترسان لەمردن بریتیە خۆپیشاندان بەوەی داناییت هەیە، نەك داناییەکی راستەقینە. خۆدەرخستن بەزانینیکی نەزانراو، هەروەها کەس نازانیت ئایا مردن، کەمرۆڤ ئەوەندە لیی دەترسیت، کەبەگەورەترین 29bخراپە دایدەنیت، کێ نالیت گەورەترین چاکە نیە. ئایا ئەمە نەزانییەکی پر شورەیی نیە، شورەیی ئەوەی مرۆڤ لافی زانینی شتیك لیبدات کەنایزانیت؟ منیش تەنها لەمەدا بروام وایە کەخۆم لەخەلکی تر جیا بکەمەوە، لەوانەشە هەر بەمەندە بتوانم بلیم من لەوان داناترم: ئەمەش چونکە من شتیکی کەم لەجیهانی ژیرەوە دەزانم، گریمانەی ئەوە ناکەم کە دەزانم: بەلأم بروام وایە کەنادادپەروەریی کردن و یاخی بوون لەشتیك کەباشتر بیت، چ مرۆڤ بیت یاخود یەزدان، شتیکی خراپ و ناشکۆمەندانەیە، بۆیە من هەرگیز لەچاکەی شیاو ناترسم و خۆمی لی لانادەم بۆ خاتری خراپەیەك کەدبەدلنیایی هەیە. هەربۆیەشە ئەگەر ئیستا لیم بگەرین برۆم و 29cبەقسەی ئانیتۆس نەکەن، کەهەر لەسەرەتای دادگاییکردنەکەمەوە داوای مردنم بۆ دەکات (یاخود ئەگەر هەر لەسەرەتاوە دادگاییتان نەکردمایە)، یان

ئەگــەر ئیســـتا رابکـــەم، ئـــەوا کورەکانتـــان بەبیســـتنی قسەکانی من بەتەواویی بەدخوو دەبن.. ئەگەر پیم بلین، سـۆکرات ئـەمجارە گـویّ لـەئانیتۆس نـاگرین و ئـازادت دەکـــەین، بـــەلاّم بەمـــەرجیك، چیـــتر بـــەم شـــیوەیەی ئیسـتات پرسـیار نەکـەیت و بـیر نەکەیتـەوە، ئەگــەر جاریکی تر بتگرین کەوادەکـەیت، ئـەوا دەمریـت.. ئەگـەر ئەمە ئەو مەرجە بیت کەبەهۆیەوە لیم دەگەرین برۆم، ئەوا وەلاّمتان دەدەمەوە: پیاوانی ئەسینا، من ریزتان لیدەگرم و خۆشم دەوین، بەلاّم من زیاتر گویرایـەلی خـودا دەبم نـەك ئیوە، من هـەتا بژیـم و تینـم تیـدا مـابیت، هـەرگیز دەســـبەرداری کـــردن و فـــیربوونی فەلســـەفە نـــابم، هەرکەسیکیش بینم ئامۆژگاریی دەکەم و پیی دەلیم: تۆ، هاوریم.. ئەی هاوشاریی ئەسینای مەزن و بەهیزو دانا.. شـەرم ناکـەیت لـەوەی پـارەو پـوولی زۆرو شـۆرەت و شـــکۆمەندیی خریکەیتـــەوە، کـــەچی بایـــەخیکی کـــەم بەدانایی و راستی و پەرەپیدانی زیاتری رۆح دەدەیـت، کەهـەرگیز گویت پینـەداوە؟ گـەر ئـەو کەسـەی لەگـەلیدا دەدویم وتی: بەلی، بەلاّم من بایـەخیان پیدەدەم، ئەوسا جیی نـاهیلم، یـان نـاهیلم یەکسـەر بـروات، بـەلکو دەسـت دەکەم بەلیپرسینەوەی و تاقیکردنەوەی و بەقسەهینانی، ئەگەر پیموابوو هیچ چاکەیەکی تیدا نیە، بـەلکو تـەنیا

لافی ئەوە لیدەدات کەهەیەتی، گلەیی و سەرکۆنەیەکی
زۆری دەکەم و، زیدەرۆیی دەکەم لەوەدا کەپیی بلیم تۆ
شتە 30aنایابەکانت پشتگوێ خستووە. هەمان ئەم
وشانە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دووبارە دەکەمەوە کەپییان
دەگەم، گەنج بن یان پیر، هاوشاریی بیت یان غەریبە،
بەلاّم بەتایبەتی لەگەڵ هاوشارییەکانمدا، چونکە ئەوان
بەشیوەیەك لەشیوەکان برای خۆمن. چونکە ئیستا ئەمە
فەرمانی یەزدانە: هەروەها منیش باوەرم وایە کەهیچ
چاکەیەکی لەمە گەورەتر لەم شارەدا هەرگیز رووی
نەداوە، لەچاو خزمەتەکانی مندا بۆ خودا. بۆیە من هیچ
ناکەم و دەگەریم و هەمووتان قایل دەکەم، گەنج و پیر
وەکو یەك، نەك بۆئەوەی بیر لەخۆتان 30bیاخود
مولکەکانتان بکەنەوە، بەلکو یەکەم و بەشیوەیەکی
سەرەکی بۆ ئەوەی بایەخ بدەن بەپەرەپیدانی مەزنیی
رۆح. من پیتان دەلیم کەچاکە بەپارە پەیدا ناکریت،
بەلکو لەچاکەوە پارەو هەموو شتیکی باش دەستی
مرۆڤ دەکەویت، گشتی هەوەکو تایبەتی. ئەمەیە
وانەکانی من، ئەگەر ئەمەش ئەو پیرەوەیە کەلاوان
بەدخوو دەکات، ئەوا من پیاویکی خراپم. بەلاّم ئەگەر
یەکیك بیت و بلیت ئەمە فیرکردنەکانی تۆ نیە، ئەوە
راست ناکات. لەپیناوی ئەمەدا، ئۆ، پیاوانی ئەسینا،

پێتان دەڵێم یان ئەوە بکەن کەئانیتۆس داوای دەکـات، یاخود ئەوە مەکەن کەئانیتۆس داوای دەکات، هەروەها ئەگەر تەبرییەم بکەن یان نا، هەرچییەك بکەن، دەبێت لەوە تێبگەن 30cکەمن هەرگیز ڕێبازەکەی خۆم ناگۆڕم، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات چەند جارێکیش بمرم.

پیاوانی ئەسینا، قسەم پێ مەبڕن، بەڵکو گوێم لێبگرن، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتبووین کەدەبێت هەتا کۆتایی گوێم لێبگرن: شتێکی تریشم هەیە سەبارەت بەوە بیڵێم، کەرەنگە بیکەن بەهاتوهاوار لەسەری: بەڵام من لەوباوەڕەدام ئەگەر گوێم لێبگرن بۆخۆتان باشە، بۆیە تکاتان لێدەکەم مەیکەن بەهەرا. من دەمەوێ بزانن کەئەگەر یەکێکی وەکو من بکوژن، ئێوە خۆتان بریندار دەکەن، زیاتر لەوەی من بریندار بکەن. هیچ شتێك من بریندار ناکات، نەمیلتۆس و نەئانیتۆس.. ئەوان ناتوانن، چونکە پیاوی خراپ 30dناتوانێت پیاوێکی لەخۆی باشتر بریندار بکات. من نکوڵیی لەوە ناکەم کەرەنگە ئانیتۆس بتوانێت بیکوژێت، یاخود بەرەو تاراوگە ڕەوانەی بکات، یاخود لەمافە مەدەنییەکانی ڕووتی بکاتەوە، لەوانەشە وابزانێت، بگرە لەوانەیە خەڵکانی تریش وابزانن، کەبەو کارە برینێکی گەورەی تێدەکات: بەڵام لێرەدا من قایل نیم. چونکە ئەو چەشنە خراپەیەی

وەك ئـەوەی ئــەم دەیكـات.. لەخراپــەی نادادپــەروەریی گەورەتر نیە كەژیانی یەكیكی تر زەوت دەكات..

30eئیســـــتاش، ئـــــەی خـــــەلكی ئەســـــینا، مـــــن بۆبەرژەوەندیی خۆم قسە ناكەم، كەرەنگە ئیوە وابیری لی بكەنەوە، بەلكو لەبەر بەرژەوەندیی ئیوە دەدویم. چونكە ئەگەر ئیوە من بكوژن، بەئاسانی یـەكیك واتـان دەسـت ناكـەویت جیگـەی مـن بگریتـەوە، چونكـە مـن، ئەگــەر شـیوازیكی گالتەجارانــەی ئاخـاوتن بەكاربــهینم، مـن چەشنە میشـیكم و لەلایـەنی یەزدانـەوە بەخشـراوم بـەم شارە، شارەكەش ئەسپیكی رەسەن و چاكە، بەڵام بەهۆی قەبارە زەبەللاحەكەیەوە، بەخاوخلیچكیی دەجولیتـەوەو، پیویسـتە بـەرەو ژیـان هـان بدریـت. مـن ئــەو میشــە ئەســپانەیەم كەیــەزدان نوســاندوویەتی بەشــارەكەوە، هەموو رۆژیك و لەهەموو شوینیك هانتان دەدەم، دنەتان دەدەم قایلتـان 31aدەكـەم و سـەركۆنەتان دەكـەم. ئیـوە بەئاسانی كەسیكی تری وەكو من نادۆزنـەوە، هەربۆیـە ئامۆژگاریتـان دەكەم كەبمهیلنــەوە. دەویـرم بلیـم رەنگـە هەست بەكەللەیی بـوون بكـەن (وەكـو كەسـیك لـەناكاو لەخـەو راپـەریندرابیت)، بـیر لـەوە بكەنـەوە كەبەسـانایی بـەرەو مـەرگم بنیرن، هـەروەكو ئـانیتۆس پیتـان دەلیـت، ئینجا ئەو ماوەیەی لەژیانتان ماوتانـە، بچـن بنونـەوە،

تائـــەو کاتـــەی 31bیـــەزدان بەبـــەزەیی خـــۆی میشـــە ئەسپانەیەکی ترتان بۆ بنیریت. من کاتیك دەلیم یەزدان منی بەخشیوە بەئیوە، بەلگەی ئەرکەکەی من ئەمەیە: من ئەگـــەر وەکـــو پیـــاوانی تـــر وابوومایـــە، هـــەموو پیداویستییەکانی خۆمـم پشـتگوێ نەدەخسـت، یـاخود بـەدریژایی ئـەم هـەموو سـالأنە، بەئارامـەوە سـەیری پشـتگوێ خرانیـانم نـەدەکرد، ، پیویسـتییەکانی ئیـوەم جیبـەجی نـەدەکرد، یـەك یـەك وەکـو بـاوکیك یـاخود برایەکی گەورە ، یەکەیەکە نەدەهاتم بۆ لاتان، بۆ ئەوەی ئامۆژگاریتان بکەم بەدوای چاکەدا بگەرین، من دەلیم ئەم کارە لەگەڵ سروشـتی مرۆڤدا نایەتـەوە. ئەگـەر شـتیکم دەسـکەوتبیت، یـان ئەگـەر ئامۆژگارییـەکانم کرییـان هـەبووبیت، ئـەوا کارەکـەم ماقوولییـەکی تیـدا دەبـوو، 31cبـەلأم ئیسـتا وەکـو خۆشـتان دەیبینـن ، تەنانـەت تاوانبارکەرە بەدفەرەکانیشم نـاویرن بلیـن، مـن هـەرگیز کریم لەکەس سەندووە، یان داوام کردووە، چونکە هیچ بەلگەیـەکیان بەدەستەوە نیـە. بـەلأم مـن بەلگـەی تـەواوم هەیـــە بـــۆ راســـتیی ئـــەوەی دەیلیـــم .. کەئـــەویش هەژارییەکەمە.

رەنگە یـەکیك بپرسیت بۆچی مـن ئـاوا خۆبەخشـانە ئامۆژگاریی پیشکەش دەکەم و سەری خۆم خۆم بەکاری

خەلکــەوە دەئیشــینم، کــەچی نــاویرم بیمــە پیشـــەوەو ئامۆژگاریی شارەکە بکەم. خۆم پیتان دەلیم بۆچی. ئیوە گویتــان 31dلــەمن بــووە لــەکاتی جیاجیــادا لەشــوینی جۆراوجۆر باسی سرووشـیك یـان ئامـاژەیـەکم کـردووە، کـەبۆم هـاتووە، ئـەوە لەیەزدانــەوە بــووە، کــەمیلیتۆس لەتۆمەتەکەیدا بەگالتەپیکردنیان تاوانبارم دەکات. ئەم ئاماژەیە بریتیە لەدەنگیك، کاتیك بۆ یەکەمینجار هاتە بەر گویم، منـدالّ بـووم، ئـەو دەنگـە هەمیشـە ریگرییـم لیدەکات لەکردنی شتیك، بەلاّم هەرگیز فەرمانم پی نادات بەکردنی هیچ شتیك لەوشتانەی دەیانکەم. هەرئەمـەش ریی لیگرتم لەوەی ببمە پیاویکی سیاسی. پیشم وایـە شتیکی دروست بوو. چونکە، ئەی خەلکی ئەسینا، من دلنیام ئەگەر تیکەلاّوی سیاسەت ببومایە، ئەوا زۆر پیش ئیســتا لــەناوچووبووم، بــەوەش هیــچ شــتیکی باشــم نەکردبوو نەبۆ ئیوەو نەبۆ خۆم. 31eتووړه مەبن لەوەی راستیتان پیدەلیم: چونکە راستی بریتیە لەوەی کەهیچ پیاویك لەوپیاوانەی لەگەلّ ئیوەدا، یـاخود لەگـەلّ هـەر گرووپیکــی تــردا، دەچیــت بــۆ شــەر، بەشــیوەیەکی ئابروومەندانــە دژی هــەموو ئەوانــە دەوەســتیتەوە کــە لەیاســا لایــان داوە، دژی هـــەموو ئـــەو خراپانـــەی لەشارەکەدا کراون، لەبەرئەوەی ئەو لـەپیناوی راسـتیدا

دەجـەنگیت، تەنانـەت ئەگــەر 32aبۆماوەیــەکی کــەمیش بـژی، ژیــانی خــۆی قوتــار ناکــات . چونکــە دەیــەویت پایەیەکی تایبەتی هەبیت نەك پایەیەکی گشتی.

من دەتــوانم، دەربــارەی ئــەوەی دەیلیــم، بەلگــەی قایلکەرتان بدەمی. نەك بەقسە، بەلکو بەوەی ئیوە زیاتر بەلاتانـەوە گرنگـە..بـەکردەوە. بــوارم بــدەن بــا بەشــیك لەژیانی خۆمتان بۆ بگیرمەوە، کەبۆتان دەسەلمینیت من هەرگیز سەرم بۆ هیچ جەورو ستەمیك دانەنـەواندووەو، لـەمردنیش نەترسـاوم، ئەگـەر دلنیـاش بووبیتـم لـەوەی سەرپیچیکردن مردنیکی خیرای لەدوایە. چیرۆکیکی ناو دادگاتــان بــۆ دەگیرمــەوە، رەنگــە چــیرۆکیکی زۆر دلخۆشـکەریش نــەبیت، 32bبــەلام بیشــك دروســتە. ئــۆ پیــاوانی ئەســینا، تاکــە پۆســتیکی رەسمیــی کــەمن لــەژیانمدا گرتبیتمــە دەســتم، بریتــی بــووە لەپۆســتی سیناتۆریی. ئەوکاتـەی هـۆزی ئـەنتیۆخیس کەهۆزەکـەی منە، سەرۆکایەتی ئەو دادگاییکردنەیان گرتبووە دەست، ئــەوەی بــۆ ئــەو جەنرالانــە ســازکرابوو کەلەشــەری ئەرگینۆسدا جەستەی کوژراوەکانیان کۆنەکردبۆوە، ئیوە هەرهەمووتان پیشنیارتان کرد دادگایی بکرین، ئەمەش بەپیچەوانـەی یاسـاوە بـوو، هــەروەك دواتــر هــەمووتان دەرکتـان پیکـرد، بـەلام ئـا لەوکاتـەدا مـن تاکەکـەس بــووم

دژی ئەم رەفتارە نایاساییە وەستامەوە، دژی ئیوە دەنگم دا، کاتیکیش وتاردەرکان کردیانە هەرەشەو گورەشە بۆ زیندانیکردنی من، ئیوەش کردتان بەهات و هاوار، مـن بریاری خۆمم دابوو بەوەی لەسەر کارە پر مەترسییەکەم بـــەردەوام دەبم، 32cیاســـاو دادپـــەروەرییش پشـــتیوانم بوون، بۆئەوەی بەشداریی لەنادادپەروەرییەکەی ئیوەدا نەکەم، ئەوکاتە من نەلەزیندان ترسام و نەلەمەرگ. ئەمە لـــــەرۆژانی دیموکراســـــییدا روویـــــدا. وەلی کـــــاتیک ئۆلیگارشییەکەی• سـی سـتەمکارەکە دەسـەلاتیان گرتـە دەست، ناردیان بەدوای من و چوار کەسی تردا تا بچین بـــۆ رۆتـــەندا•، لـــەویش داوایـــان لیکردیـــن بچـــین بـــۆ

• **ئۆلیگارشی Oligarchy** لەفەلسەفەی سیاسییدا، بریتیە لـەفۆرمیکی حکومـەت کـە تییـدا دەسـەلاتی بـالا بەدەسـتی چـەند نەفـەریکی کەمەوەیـە.نوسـەرانی سیاسـەتی دیرینـی گریـک ئـەم وشـەیەیان بەکارهیناوە بۆ ئـەوەی جیـای بکەنـەوە لـە فۆمـی ئەریستۆکراسـی، یاخود حکومەتیک کە باشترین دانیشتوانەکەی بەریوەی دەبەن. لـە ئۆلیگارشـیدا ، دەسـتەیەک حکومـەت بـەریوە دەبـەن کـە ئیـش بـۆ بـەرژەوەندیی تایبـەتی خۆیـان دەکـەن و دانیشـتوانی حکومەتەکـە لەخیرو چاکە بیبەش دەکەن.

• رۆتـــەندا (**rotunda**) لەبیناســـازیی کلاســـیکدا بریتیـــە لەبینایـــەکی بازنەیی یاخود هۆلیکی بازنەیی کەچواردەورەکەی بەچـەند پایەیـەک

سالامیس‌و لەوێ لیۆنی سالامیسیی دەستگیر بکەین، چونکە دەیانویست بیکوژن. ئەمە نمونەیەك بوو لەو فەرمانانەی کەئەوانە دەریان 32dدەکرد، لەتیروانینیکەوە کەبەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ تاوانەکانیان دەکات ، ئەوکاتە من تەنیا هەر بەقسە نا، بەلکو بەکرداریش دەرم خست، ئەگەر بوارم پیبدریت ئەم چەشنە گوزارشتە بکاربهینم، من بەقەدەر چلەپوشیك گوێ نادەمە مەرگ، تاکە شتیك کەبەلامەوە گرنگ بوو، ئەوەبوو کەکاریکی ناراست یاخود بەد ئەنجام نەدەم. دەسەڵاتی بەهیزی ئەم ستەمکارە زۆردارانە نەیترساندم و وای لینەکردم خراپە بکەم. کاتیکیش لەرۆتەندا هاتینە دەرەوە، چوارکەسەکەی تر چوون بۆ سالامیس و لیۆنیان دەستگیر کرد، بەڵام من بیدەنگ چوومەوە بۆ مالی خۆمان. ئەگەر دەسەڵاتی 32eئەو سی ستەمکارە کۆتایی پێ نەهاتایە، لەوانەبوو بەم کارە ژیانی خۆم لەدەست بدەم. زۆرکەسیش شایەتی قسەکانمن.

ئیستا ئیوە بەراستی پیتان وایە کەئەگەر لەژیانی گشتییدا بەشدارییم بکردایە، ئەم هەموو سالە،

دەگیراو لەسەریانەوە قوببەیەك دروست دەکرا. گرکە کۆنەکان ئەم بینا بازنەییەیان بەکاردەهینا بۆ کۆبوونەوە گرنگەکانیان.

بەزیندوویی دەمامەوە، بەگریمانەی ئەوەی کەمن وەکو پیـــاویکی بـــاش هەمیشــــە بەتــــەنگی راســـــتیی و دادپەروەییەوە بووم، هەروەکو لەیەکەمین کارمدا کردم؟ بیگومان نا، پیاوانی ئەسینا، نەمن و 33aنەهیچ پیاویکی تریش. من هەمیشە لەهەموو کردەوەیەکمدا هەمان کەس بـووم، چ کردەوەیـەکی گشـتی بووبیـت و چ تایبـەتی، هەرگیز بنەمای پیرەویکردنم بۆ هیچکام لەوانە دانەناوە کەبـەدرۆوە پییـان دەلیـن قوتابییـەکانی مـن، یـان هەرکەسـیکی تـر. مـن هـەرگیز بەشـیوەیەکی ریکوپیـك قوتابییم نەبووە. بەلام هەرکەسیك حەزبکات بیت و گوی لـەمن بگریـت، لـەکاتیکدا مـن دوای کارەکـانی خـۆم کەوتووم، چ لاو بیت یان پیر، هەرگیز 33bدەستم نەناوە بەروویەوە. مـن تـەنیا لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا دەمەتـەقیم نـەکردووە کـەپارە دەدەن، بـەلکو لەگـەڵ هەرکەسـیکدا بووبیت، چ دەولەمەند بیت یـان هـەژار، هـەموو کەسـیك بـۆی هەیـە پرسـیارم لیبکـات و وەلامـم بداتـەوەو گـویٚ لەقسـەکانم بگریـت، چ پیـاویکی بـاش دیـاربووبیت یـان خـراپ، ئـەوە بـەلای منـەوە گرنـگ نـەبووە، چونکـە مـن هـەرگیز کەسـم فـیر نـەکردووەو پسـپۆریش نـەبووم لەفیرکردنی هیچ شتیکدا. یان ئەگەر هەرکەسیك بلیـت کەجاریکیان بەشیوەیەکی تایبەتی و بیٚ ئەوەی کەسـی

تر گویی لی بووبیت، ئەو شتیك لەمنەوە فیر بووە، یان گویی لی بووە، ئەوا ریگەم بدەن پیتان بلیم ئەو کەسە درۆ دەکات.

بەلام رەنگە لیم بپرسریت، بۆچی خەلك حەزیان لەوەیە دەمەتەقیَ 33cلەگەلّ تۆدا بکەن؟ ئەوا ئەی خەلکی ئەسینا، من پیشتر هەموو راستییەکەم لەم بارەیەوەپیَ وتوون: ئەوانە حەزدەکەن گوییان لەلیپرسینەوەی رووبەرووی ئەو کەسانە ببیت کەلافی دانایی لیدەدەن، ئەمە جۆرە چیژو خۆشییەکی تیدایە. ئیستا ئەم ئەرکی لیپرسینەوە رووبەرووەی خەلکانی تر، لەلایەنی یەزدانەوە خراوەتە ئەستۆی من، بەهۆی سروش و زەینەوە، نیردراوە بۆ من، یان بەهۆی هەر ریگایەکی ترەوە کەبشیت لیوەی دەسەلاتی یەزدانیی لەکەسیك نزیك دەبیتەوە. ئای خەلکی ئەسینا، ئەمە راستە، یاخود ئەگەر راست نەبیت، ئەوا بەم نزیکانە بەرپەرچی دەدریتەوەو 33dبەدرۆ دەخریتەوە. ئەگەر من هەرکاتیك بووبیتمە هۆی بەدخووکردنی لاوان، ئەوا ئەو پیاوانەی کەئیستا گەورە بوون و وایان لیهاتووە دەتوانن دەرك بەوە بکەن من لەلاوییاندا ئامۆژگاریی خراپم کردوون، بابینە پیشەوەو تاوانبارم بکەن و، تۆلەی خۆیانم لی بکەنەوە، یاخود ئەگەر حەزناکەن خۆیان بینە پیشەوە،

با یەکیك لەخزمەکانیان، باوکیان، برایان، هەر خزمیکی تریان، بین وبلین کەخیزانەکانیان بەدەستی من تووشی چ خراپەیەك هاتوون. ئیستا 33eکاتی ئەوانە. من زۆریك لەوانە لەدادگادا دەبینم. ئەوە کریتۆیە، هاوتەمەن و هاوشاریی خۆمە، هەروەها ئەوە کریتۆبلۆسی کوریتی، ئەویش دەبینم. هەروەها ئەوە لیسانیاسی سفیتۆسییە، باوکی ئەسخینیەسە.. ئەویش لیرەیە، هەروەها ئەنتیفۆنی کیفیسۆسیش لیرەیە، کەباوکی ئیپیگنیسە، هەروەها برای شەش حەوتیك لەوانەی لەگەڵ مندا مامەلەیان کردووە، لیرەن. ئەوە نیکۆستراتۆسی کوری سیۆسدۆتیدس و برای سیۆدۆتوسە (ئیستا سیۆدۆتوس خۆی مردووە، بۆیەشە لەهیچ حالەتیکدا هەوڵ نادات بۆ راوەستاندنی ئەو). ئەوەش پارالوسی کوری دیمۆدۆکوسە، 34aکەبرای سیاگیس و ئەدیمانتۆسی کوری ئەریستۆنە، کەئەفلاتونی براشی لیرەیە، ئاینتۆدۆرۆس کەبرای ئەپۆلۆدۆرۆسە، کەئەویش دەبینم. دەتوانم ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زۆری تریش بکەم، کەمیلیتۆس دەتوانیت هەندیك لەوانە وەکو شایەت بەکاربهینیت بۆ پشتگیریی قسەکانی، ئەگەر لەبیری چوون، با بەکاریان بهینیت.. من خۆشم ریگای بۆ خۆش دەکەم. دەبا بلیت هیچ پشتیوانیکی هەیە. نەخیر، ئەی

ئەسینییەکان، بەلکو تەواو پیچەوانەکەی راستە. چونکە هەموو ئەوانە ئامادەن شایەتی بۆ بەدخووکەرەکە بدەن، ئـەو 34bکەسـەی خزمـەکانیانی بینـدار کـردووە، وەك میلیتـۆس و ئـانیتۆس وام پیدەلیـن، نـەك بەتـەنیا لاوە بـەدخووکراوەکان.. کـەریی تیدەچیـت شـتیکی وا روویدابیـت.. بـەلکو خزمـە گـەورەترە بـەدخوو نەکراوەکانیشـیان. بۆچـی ئەوانـە خۆیـان پشـتی مـن دەگرن؟ لەراستیدا، لەبەر خاتری راستی و دادپەروەرییە، لەبەرئەوەیـە کەئـەوان دەزانـن مـن راسـتی دەلیـم و، میلیتۆسیش درۆ دەکات.

باشـە، ئـەی ئەسـیناییەکان، ئەمـەو شـتی تـری لـەم شیوەیە، تاکە داکۆکییە کەمن لەخۆمی بکەم. یەك قسەی تریش دەکەم. رەنگە یەکیك قینم لی هەلبگریت، کاتیك بیر دەکاتەوە کەچۆن خۆی لەبۆنەیەکی هاوشیوەدا، یاخود لەمـە کـەمتر مەترسـیداردا، چـۆن بەفرمیسـکی زۆرەوە لەدادوەران 34cپاراوەتـەوەو نـزای کـردووە، مندالـەکانی خۆی هیناوە بۆ دادگاو لەپاڵ کەسو کارو هاوریکانیدا، لەدیمەنیکی سۆزئامیزدا بەکاری هیناون، کەچی من کە بەراستی ژیانم کەوتۆتە مەترسییەوە، هیچ شتیك لەوانە ناکەم. رەنگە ئـەم جیاوازییـە بیتـە بیرییـەوەو، دەشـیت بەوەش دژم بوەستیتەوەو، بەتورەیی دەنگی خۆی بدات،

چونکە لەم بارەیەوە خۆشیی بەمندا نایەت. ئیستا ئەگەر
34dکەسیکی وا لـەناوتاندا هـەبیت.. نـالیم کەسـی واتـان
تیدایـە.. بەدادەوە پیـی دەلیمـەوە: هـاوریم، مـن مرۆڤـم،
بۆیە وەك مرۆڤەکانی تر، بونەوەریکم لـەخوین و گۆشت،
نـەك تەختـە یـان بـەرد، وەکـو هۆمـیرۆس دەلیـت، مـن
خـیزانیکم هەیـە، بـەلی، چـەند کوریکیشـم هەیـە، ئـۆ،
ئەسـینییەکان، ژمارەیـان سـیانە، یـەکیکیان پیـاوە
دوانەکـەی تـر هیشـتا مندالـن، بـەلام مـن هیـچ کامیـان
34eناهینم بۆ ئیرە، بۆ ئەوەی داوای بەخشینتان لی بکەن.
بۆچی نـا؟ نـەك لەبەرئـەوەی زۆر بـەخۆم دەنـازم یـان ریـز
لەئیوە ناگرم. مەسەلەی ئەوەی من لـەمردن دەترسم یان
نا، ئەمە پرسیاریکی ترە، کەئیستا قسەی لەسەر ناکەم،
بەلام من ریزم هەیە بۆ ئیرادەی گشتی، پیموایە کاریکی
ئـاوا، زیـان بەشـکۆی خۆشـم و بـەئیوەش و بەهـەموو
شـارەکەش دەگەیـەنیت. یـەکیك گەیشـتبیتە ئـەم
35aتەمەنەی من و، شۆرەتی بەدانایی دەرکردبیت، پاشتر
وایـە خـۆی سـووك نـەکات. جـا چ ئەگـەر شایسـتەی
شـۆرەتەکە بم یـان نـا، جیـهان بریـاری داوە کەسـۆکرات
بەشیوەیەك لەشیوەکان لەپیاوانی تر جیاوازە. جا ئەگەر
ئەوانەی لەنیوان ئیوەدان و دەلین لـەدانایی و ئازایـەتیی
و چاکـەکانی دیکەشـدا نائاسـایی بـن، ئـاوا بـەمجۆرە

خۆیان سووك بکەن، دەبی کردەوەکەیان چەند شەرمندە بیــت! مــن پیــاوانیکی نیــودارم بینیــوە، کــاتیك تاوانبارکراون، بەشیوەیەکی زۆر سەمەرە رەفتار دەکەن، وادیـارە ئەوانـە ئەندی شـەی ئـەوەیان کـردووە کەئەگـەر بمرن تووشی شتی تۆقینەر دەبن، ئەگەر لیشیان بگەرین بژین، ئەوا نەمر دەبن و نامرن. من پیموایە ئـەو جـۆرە کەسانە مایەی شەرمەزاریین بۆ 35bشارەکە، ئەگەر هەر کەسـیکی نـامۆ بیتــە ژوورەوە، دەلیــت کــەناودارترین پیاوانی ئەسینا، ئەوانەی ئەسینییەکان خۆیان شـکۆو سەروەریان پیدەبەخشن، ئەوانە لەئافرەت باشتر نین. من دەلیم نابیت ئەم شتانە لەلایەنی ئەو کەسانەی ئیمـەوە بکریـن کەشـۆرەتیان هەیـەو ناسـراون، ئەگـەر ئـەوانیش بیکەن، ئەوا نابیت ئیوە ریگـەیان پیبـدەن، ئیـوە باشـتر وایـە پیشـانی بـدەن زیـاتر مـەیلتان لەوەیـە ئەوپیاوانـە تاوانبـار بکـەن کــە دیمــەنیکی دزیــو پیشــان دەکــەن و شارەکە دەکەنە مایەی گالتە پیکردن، زیاتر لـەوەی ئـەو بەدوای سەلامەتی خۆیدا دەگەریت.

35cبەلام با رای گشتی بخەینـە لاوە، وادیـارە شـتیك هەلـەبیت لـەداواکردنی چاکــە لەدادوەریکــەوە، بــەوەش داواکردنــی بەخشـین، لـەبری ئـەوەی تیــی بگەیــەنیت و قــایلی بکــات. چونکــە ئــەرکی ئــەو ئــەوە نیــە کــە

دادپەروەریی بەریوە ببات، بەڵکو ئەوەیە بڕیاریك بدات، بەڵام ئەو سوێندی خواردووە کەبەپیی یاساکان بڕیار بدات، نەك بەپیی چیژو لەزەتی تایبەتی خۆی، ئیمەش نابیت دنەی ئیوە بدەین کە وابکەن، هەروەها نابیت ئیوەش ڕێ بەخۆتان بدەن کەتاو بدرین، لەم حالەتی لەخشتە بردنەدا.. دەشێ هیچ شکۆیەکی تیدا نەبیت. کەواتە داوای شتیکم لێ مەکەن کەپیموایە ئابرومەندانە نیەو هەلەو ناپاکە، بەتایبەتی ئیستا، کەهەولمداوە تۆمەتە دزیوەکەی میلیتۆس رەت بکەمەوە. چونکە ئەگەر، ئۆ، پیاوانی ئەسینا، ئەگەر من بتوانم بەهیزی قایلکردن و پارانەوە، سویندەکەی ئیوە بەتاڵ بکەمەوە، ئەوا من 35dفیرتان دەکەم باوەر بەوە بکەن کەهیچ خودایەك لەئارادا نیە، هەروەها لەداکۆکییەکەشمدا بەسانایی لەسەر خۆمی ئیسپات دەکەم کەهیچ باوەرم پییان نیە. بەڵام ئەمە وانیە.. بگرە زۆر بەپیچەوانەوە. چونکە من بڕوام بەبوونی خوداکان هەیە، هەروەها لەهەستیکی بالاتر لەوەی کەهەریەکیك لەتاوانبارکەرەکانم باوەریان پییانە. من مەسەلەکەم دەخەمە بەردەمی ئیوەو یەزدان. تا بەوشیوەیە بایەخی پیبدەن کە بۆ ئیوەش و بۆ منیش باشترە.

35eپیاوانی ئەسینا، گەلیك هۆ هەیە بۆ ئەوەی بۆچی
من خەمبار نیم، بەدەنگدانی تاوانبارکردنم. من پیشبینی
ئەمەم دەکرد، بەڵام تەنیا لەوە سەرم 36a سورماوە
کەدەنگەکان نیمچە یەکسان بوون. چونکە من وای
بۆدەچووم کەزۆرینەی دژی من زۆر لەوە گەورەترە،
کەچی ئەوە تەنیا سی دەنگ بەلای لایەنەکەی تردا
چووە، یەك تۆزی مابوو تەبرییە بکریم، دەتوانم بلیم، لەو
بروایەدام من لەمیلیتۆسم بردۆتەوە. دەشیت زیاتریش
بلیم، دەشیت هەموو کەسیك ئەوە ببینیت کەبەبێ
هاوکارییەکەی ئانیتۆس و لیکۆن، میلیتۆس 36bپینج
یەکی دەنگەکانی نەدەهینا، وەکو یاسا داوا دەکات،
بەوەش دەبوو سزا بدرایەو هەزار دراخمای لی بستینرایە.
هەربۆیەشە ئەو داوای سزای مەرگ بۆ من دەکات.
ئەی دەبیت من لەلای خۆمەوە چی هەلببژیرم، ئۆ،
پیاوانی ئەسینا؟ بیشك ئەوە هەلدەبژیرم کەبەگونجاوی
دەزانم، چی بۆ من گونجاوە؟ لەبەرامبەریشدا دەبیت چی
بکریت لەگەڵ پیاویکدا کە بەدریژایی ژیانی خۆی لەوەدا
سەرکەوتوو نەبووە کەخۆی بەگەمژە لەقەلەم بدات،
پیاویك کەگویی نەداوەتە ئەوەی کەزۆرینەی خەلك
بایەخی پیدەدەن.. واتە سەروەت و سامان و
بەرژەوەندنیی خیزانیی و، لەگەڵ پلەوپایە

سەربازییەکانیشـدا، هـەروەها ئاخـاوتن لـە ئەنجومـەن و 36cدەســـتەی دادوەرانـــدا، پیـــلان گـــیران و پـــارت و ریکخراوەکـان. هـەرکاتیك دیتـەوە بـیرم کـەمن بەراسـتی لـەوە ئابروومـەندتر بـووم کـەببم بـەپیاویکی سیاسـی و بشتوانم بەردەوامی بەژیانم بدەم، من هەرگیز نـەچووم بـۆ شـوینیك کـەبتوانم شـتی خـراپ بـۆ ئیـوە یـان بـۆ خـۆم ئەنجام بدەم، بەلاّم لەهەرشوینیك توانیبیتم خۆبەخشانە باشترین چاکە لەگەلّ هەریەکیك لەئیوە بکەم، ئەوا چووم، بـەنیازی قـایلکردنی هـەموو پیـاویك لــەنیوانی ئیـوەدا، کەپیویسـتە بروانیتـە خـۆی، هـەروەها بــەدوای چاکــەو دانـاییدا بگـەریت پیـش ئـەوەی بـەدوای بـەرژەوەندیی خۆیدا بگەریت، هـەروەها سـەیری شـارەکە بکـات پیـش ئـەوەی بروانیتـە بـەرژەوەندیی شـارەکە، هـەروەها ئەمـە پیرەوی بیت لەهەموو 36dکردەوەکانیدا. دەتوانریت چی لەگـەلّ کەسـیکی ئـاوادا بکریـت؟ بیشـك هـەندیك شــتی باش، ئۆ، پیاوانی ئەسینا، ئەگـەر ئـەو پاداشـتی خـۆی وەرگرت، ئەوا پیویستە پاداشتەکە لـەو جۆرە بیت کـەبۆ ئەو بگونجیت. پاداشتی ئـەو پیـاوە هـەژارە چی دەبیـت کەچاکـەی لەگـەلّ ئیـوە کـردووەو حـەزی لـەکاتی زیـاترە بۆئــەوەی وانــەتان پــیّ بلیتــەوە؟ هیــچ پاداشــتیك نیــە بەقەدەر ئەوە بۆی گونجاو بیت کەلەناو ئەنجومەنی گەلدا

بمینیتەوە، ئۆ، پیاوانی ئەسینا، ئەو پاداشتەی کەئەو، زیاتر لەو هاوشارییەی کەلەپیشبرکیی ئەسپ یاخود 36eگالیسکەدا، گالیسکەی دوو ئەسپی یان زیاتر، خەلاتی ئۆلیمپیادی بردۆتەوە، شایستەیەتی . چونکە من دەسکورتم و ئەویش بەشی خۆی هەیە، ئەو تەنیا بەروکەش شادمانیتان پیدەبەخشیت، من شادیی راستەقینەتان پیدەبەخشم. هەروەها ئەگەر بۆم هەبوایە خۆم سزایەکی دادپەروەرانە بۆخۆم هەلببژیرم، ئەوا دەمووت بابریتی بیت لەمانەوە لەئەنجومەنی گەلدا.

37aرەنگە ئیوە پیتان وابیت، من بەوەی دەیلیم، کیبەرکیی ئیوە دەکەم، وەکو چۆن پیشتر دەربارەی پارانەوەو گریان وتم. بەلام ئەمە وانیە. من تارادەیەك قسە دەکەم چونکە من دلنیام لەوەی من بەئارەزوو کەسم بەهەلە دانەناوە، گەرچی ناتوانم ئیوە قایل بکەم.. کاتەکە زۆر کورتە، ئەگەر 37bیاسایەك هەبیت لەئەسینا، وەك ئەوەی لەشارەکانی تر هەیە، کەبریاری کوشتن لەیەك رۆژدا نەدرایە، ئەوا من لەو بروایەدام کەدەمتوانی قایلتان بکەم. بەلام ناتوانم لەساتیکدا بوختانیکی گەورە رەت بکەمەوە، من کە باوەرم وایە قەت خراپەم لەگەل کەسدا نەکردووە، ئەوا هەرگیز خراپە لەگەل خۆمدا ناکەم، دەربارەی خۆم نالیم من شایستەی هەموو

خراپەیەکم، یاخود پیشنیاری هیچ سزایەك ناکەم. بۆچی بیکەم؟ لەبەرئەوەی مـن لـەو سـزای مەرگـە دەترسـم کـە میلیتۆس داوای دەکات؟ لەکاتیکدا من خۆشم نازانم ئایا مەرگ باشە یان خراپە، بۆچی سزایەك بۆخۆم هەلببژیرم کـە خـراپ بیـت؟ بلیـم 37cزیندانیـم بکـەن؟ جـا بۆچـی لەزینداندا بژیم و بم بەکۆیلـەی دادوەرەکـەی سالّ .. هـی یازدەیـــەمین؟ یـــان ســـزاکە ببیتـــە غەرامـــەکردن و، زیندانیکردن هەتا غەرامەکە دەدریـت؟ بۆ ئەمـەش هـەمان نـارەزاییم هەیـە. دەبیـت لـەزینداندا لیـی بکـەوم، مـن خـۆم پـــارەم نیـــەو، نـــاتوانم بیـــدەم. هـــەروەها ئەگـــەر بلیـــم دوورخسـتنەوە(رەنگـە ئەمـە ئـەو سـزای بیـت کـەئیوە پەسـەندی دەکـەن)، ئـەوا دەبیـت خۆشەویسـتی ژیـان کویری کردبم، ئەگەر ئەوەندە کەم هۆش بم کە پیشبینی بکەم کە لـەکاتیکدا ئیـوەی هاوشاریی خـۆم، ئاخـاوتن و وشـــەکانی 37dمنتـــان پـــیّ قـــووت نـــاچیت و بەلاتانـــەوە ئـەوەندە مەترسـیدارن کـەهیچی زیاترتـان لیـی نـاویت، خـەلکیکی تـر هـەبن، بەرگـەم بگـرن. نـەخیر، بەراسـتی، پیاوانی ئەسینا، ئەمە شتیکی زۆر باش نیە. جا من بـەم تەمەنەوە دەبیت چۆن ژیانیك بەسـەر ببـەم، لەشاریکەوە رەو بکـەم بۆشـاریکی تـر، بـەردەوام شـوینی تاراوگـەیم بگۆرم، هەمیشە شاربەدەر بکرییم! چونکە من بەتـەواویی

لەوە دلنیام کەبۆ هەر شوێنێك بچم، لەویش وەکو ئێرە، لاوان دەورم دەدەن، 37eئەگەر لەخۆمیان دوور بخەمەوە، ئەوا پیرەکان دەرم دەکەنە دەرەوە، ئەگەر لێشیان بگەڕێم بێن، باوکانیان و هاوڕێکانیان بۆ پاراستنی خۆیان وەدەرم دەنێن.

ڕەنگە یەکێك بلێت باشە سۆکرات، ئەی ناتوانیت زمانت بگریت، ئیتر ڕەنگە بتوانیت بچیتە ناو شارێکی بیانییەوە، کەسیش خۆیت تێهەڵنەقورتێنێت؟ لێرەدا زۆر بەنارەحەتیی دەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەتان تێبگەیەنم. چونکە ئەگەر پێتان بلێم، ئەگەر وەك ئێوە دەلێن، ئاوا بکەم، ئەوە دەبێت بەسەرپێچیکردن لەیەزدان، بۆیە ناتوانم زمانم بگرم، ئێوە باوەر 38aناکەن کەمن بەراستمە، کەئەگەر دیسان بلێمەوە دەمەتەقێی ڕۆژانەی من دەربارەی چاکەو، ئەو شتانەی تریش کەگوێتان لێم بووە خۆشم و خەلکیشم دەربارەیان تاقیکردۆتەوە، باشترین چاکەی مرۆڤە، چونکە ژیانێکی تاقینەکراوە شایستەی بەسەربردن نیە، ئێوە هێ شتا کەمتر ئارەزوو دەکەن باوەرم پێبکەن. بەڵام من ئەوەی ڕاستە دەیلێم، تەنانەت ئەو شتەش کەزەحمەتە بتوانم قایلتان بکەم پێی. هەروەها، من هەرگێز ڕانەهاتووم کەبیر لەوە بکەمەوە کەمن شایستەی چەشتنی هیچ ئازاردانێکم. ئەگەر

پارەیـەكم هەبوایـە، رەنگـە سـزاكەم بـەپارە بقەبڵاندایـە بەوەی چەند دەتـوانم بدەم و هیـچ 38bبەلاشمـەوە گرنـگ نـەدەبوو. بـەڵام نیمـە، بۆیـە پیویسـتە داوا لـەئیوە بكـەم كەبەشـداریی بكـەن لـەبژاردنی مینایـەكانمندا. باشـە، رەنگە بتوانم یەك مینای پەیدا بكەم، بۆیە پیشنیاری ئـەم سزایە دەكەم: ئەفلاتون، كریتـۆ، كریتۆبولـوس، هـەروەها ئەپۆلۆدیرسیش، هاوریكانم لیرەن، داوام لیدەكـەن بلیـم سی مینـای، ئـەوان زامنـم دەكـەن. باشـە بـا سـزاكە سـی مینـای بیـت، ئەمـە بـرە 38cپارەیەكـە ئـەوان دەتوانـن بەسانایی پەیدای بكەن.

ئۆ، ئەسینییەكان، ماوەیـەكی زۆرتـان پـیٚ نـاچیت و، ئـەو نازنـاوو شـۆرەتە خراپانـە پـەیدا دەكـەن كـە لەلایـەنی زمانبـەدەكانی شـارەوە پیتـان دەبەخشـرین، ئەوانـەی دەلین ئیوە سۆكراتتان كوشت، پیاوە داناكـەتان كوشـت، چونكـە ئـەوان كـاتیك دەیانـەویت سـەركۆنەی ئیـو بكـەن، دیـن مـن بـەدانا دادەنیـن، تەنانـەت ئەگـەر دانـاش نـەبم. ئەگـەر ئیـوە توزیـك ئارامتـان بگرتایـە، ئارەزووەكانتـان بەشـیوەیەكی سروشـتیی دەهاتنـە دیـی. چونكـە وەك خۆشـتان دەتوانـن سـەرنجم بـدەن، مـن چوومەتـە نـاو سـالەوەو، زۆر لەمردنـەوە دوور نیـم. مـن ئیسـتا بـۆ هـەمووتان قسـە ناكـەم، بـەلكو تـەنیا ئەوانـەی حوكمـی

مەرگیان 38dبەسەردا داوم. هەروەها شتیکی تریشم هەیە پییان بلیم: ئیوە پیتان وابووە کەمن تاوانبارم لەبەرئەوەی من قسەی وام پی نیە لەوچەشنە قسانەی کەدەیانتوانی تەبرییەم بکەن.. مەبەستم، من ئەگەر بیرم لەوە بکردایەتەوە هیچ شتیك بەنەکراویی یان نەوتراووی نەهیلمەوە. نەك هەرئەوەندە، بەلکو ئەو ناتەواوییەی ئیوەی هان دا بۆ تاوانبارکردنم، بەهۆی وشەکانەوە نەبوو.. بیشك نا. بەلاّم من ئەوەندە جەسور یان رووقاییم یان مایل نەبووم، بەوشیوەیە لەگەلتان بدویم کەخۆتان حەزتان دەکرد بیکەم، بگریم و 38eبلالیمەوەو لەدەورتان بگەریم، زۆر شتی ترم بووتایەو بکردایە لەوانەی کەئیوە راهاتوون لەخەلکی ترەوە بیانبیستن، ئەوانەی کەمن پیموایە بۆ من لایەق نین. من وام هەست کرد نابیت شتتیکی ئاوا بکەم، یاخود لەکاتی مەترسییدا پەشیمان ببمەوە: هەروەها پەشیمانیش نیم لەو شیوازەی لەداکۆکیکردنەکەمدا گرتمە بەر، من وام پیباشترە بەشیوازەکەی خۆم بدویم و 39aبمرم، نەك ئەو شیوازەی ئیوە بەکاربهینم و بژیم. چونکە نابیت، نەلەجەنگ و نەلەبەردەمی یاساشدا، نەمن و نەهیچ پیاویکی تر، هەرچی ریگا هەیە هەموویان بگریتە بەر بۆ ئەوەی خۆی لەمردن رزگار بکات. ئەگەر لەجەنگدا، جەنگاوەریك

چەکــــەکانی خـــۆی فـــڕێ بـــدات و لەبــــەردەمی ڕاوەدوونــەرەکانیدا بکەویتــە ســـەرچۆك، ئــەوا بــەزۆریی لــەمردن ڕزگــاری دەبیــت، هــەروەها لەمەترســی تریشــدا ڕیگای تر هەیە بۆ ڕزگاربوون لەمردن، ئەگەر پیاو هەموو شــتیك بلیـــت و هـــەموو شـــتیك بکـــات. هاوڕییـــانم، ناخۆشـییەکە، ئەوەنیــە 39bکــەخۆت لــەمردن لابدەیــت، بەلکو ئەوەیە خۆت لەراستی و دروستیی لابدەیت. مـن پیرم و بەهیواشـی دەبزویمـەوە، خـاوترین غــاردەر پیشـم کەوتۆتـەوە، تاوانبارکەرانیشـم بزیـوو خـیران، خـیراترین غــاردەریش کــەپیش ئــەوانیش کەوتۆتـــەوە بریتییـــە لـەدزیویی. ئیسـتاش مـن لەلایـەنی ئیـوەوە تاوانبـارکراوم دوور دەکەومـەوە تـاکو سـزای مـەرگ بچیـژم.. ئـەوانیش هەردوکیان بەریی خۆیاندا دەرۆن و لەلایـەنی ڕاستییەوە تاوانبـــارکراون تـــا ســـزای نزمـــی و هەلـــەیی بچیـــژن، پیویسـتە مـن پابـەندی سـزاکەی خـۆم ببـم.. بائـەوانیش پابـەندی سـزای خۆیـان بـن. پیموایـە دەبیـت ئـەم شـتانە بـــەچارەنوس لەقەلـــەم بدریـــن.. پیشـــموایە کـــە ئەمـــە شتیکی باشە.

39cئیسـتاش، ئۆ ئـەو پیاوانـەی منیـان تاوانبـارکرد، بەخۆشـحالییەوە پیشـــبینییەکەی خۆمتـــان پیشـــکەش دەکـەم، مـن هینـدەم نـەماوە بمـرم، لەسـاتی مردنیشـدا،

مــرۆڤ توانــای پیشــبینیکردنی پیدەدریــت. منیــش پیشبینی دەکەم بۆ ئیوە کەبکوژانی منن، یەکسەر دوای ئەوەی من لەسزاکەی خۆم تیدەپەرم، زەبریکی لەوەی ئیوە لەمنتان وەشاند، سەختتر چاوەریی خۆشتان دەکات، ئیوە منتان کوشت، بۆئەوەی خۆتان لەتاوانبارکەرەکانم قوتار بکەن، بەلام هیچ حیسابیکتان بۆ ژیانی خۆتان نەکرد. مەسەلەکە بەو شیوەیە نابیت 39dکەئیوە بۆی دەچن: بەپیچەوانەوە زۆر دوور نابیت. چونکە من دەلیم ئەوانەی ئیوە تاوانبار دەکەن، لەتاوانبارکەرانی من زۆر زیاتر دەبن، تاوانبارکەرانیك کەتائیستا من کۆنترۆلم کردوون و دام مرکاندونەتەوە: ئەوان گەنجترن ، بۆیە لەگەلتانا هەلەشەتر دەبن، ئیوە لەلایەنی ئەوانەوە ئازاری زیاترتان پیدەگات. ئەگەر ئیوە پیتان وابیت بەکوشتنی من دەتوانن کەسیك قەدەغە بکەن لەوەی سەرکۆنەی ژیانە دزیوەکەتان بکات، ئەوا بەهەلدا چوون. چونکە ئەوە ریگەیەکی شیاوو شەرەفمەندانە نیە بۆ هەلاتن، ئاسانترین و خانەدانترین ریگا بریتی نیە لەبیتواناکردنی ئەوانیتر، بەلکو 39eبریتیە لەوەی خۆتان باش بکەن. ئەمە ئەو پیشبینییەیە کەپیش ئەوەی بچمە دەرەوە، دەربارەی ئەو دادوەرانەی کەمنیان تاوانبار کرد، دەیلیم.

ئیوەش هاوریـان، ئـەی ئەوانـەی منتـان بـەبێ تـاوان لەقەلـەمدا، حەزدەکــەم قســەیەکیش بــۆ ئیــوە بکــەم، دەربارەی ئەوشتەی کەکاتیك دادوەرەکان سـەرقاڵ بوون، هـاتن بۆئـەوەی تیبپـەرن، هـەروەها پیش ئـەوەی بچـم بـۆ ئـەو 40aشـوینەی، کەپیویستە لیـی بمـرم. بۆیـە ئیـوەش تۆزیك بميننـەوە، چونکـە لەوانەیـە ئەگـەر کـات هـەبیت بەیەکـەوە قسـە بکـەین. ئیـوە هـاوریی منــن، منیــش پیمخۆشـە مانـای ئـەم روداوەتـان پیشـان بـدەم، ئـەوەی لەگــەڵ منــدا روویــدا.. ئــۆ، دادوەرانم چونکــە رەنگــە بەراستی بەئیوە بلیم دادوەر، حەزدەکەم باسی حالەتیکی دلگیرتــان بــۆ بکــەم، هـــەتا ئیســـتا توانــای یـــەزدانیی کەبەشـــیوەیەکی جیگیرانـــە لـــەچاوگی سرووشـــە ناوەکییـەکاندا منــی گرتۆتــە خــۆی تەنانــەت لەگالتــەو گەپەکانیشمدا، من ئەگـەر لەوانـە بوایـە لەشـتیکی تـردا هەلـەم بکردایـە یـان پیـم هەلبکەوتایـە. ئیسـتاش وەکـو دەبینـن، ئیستا ئـەوەم بەسـەرهاتووە 40bکەرەنگـە بـەبیردا بهاتایـە، هــەروەها بەشـیوەیەکی گشـتی رەنگـە ببیتـە دوایـین و بـەدترین خراپـە، بـەلام سرووشـــەکە ئامــاژەی نـــەکردووە بـــۆ نـــارەزایی. تەنانـــەت ئەوکاتەشـــی کەسەرلەبەیانی مالەکەمم جیدەهیشت، یاخود کەبـەریوە بـووم بـەرەو دادگـا، یـاخود لەوکاتـەدا کەقسـەم دەکـرد،

دەربارەی هەرشتیك كە خەریك بووە بیلیم، هەروەها لەوكاتەشدا كەلەناوەراستی قسەكانمدا راوەستینراوم. بەڵام ئیستا لەهیچ یەكیك لەوشتانەدا كەوتوومن، بەڵام ئیستا لەهیچكام لەوانەی وتومە یان كردوومە، شتیكی تیا نیە كەسرووشەكە دژم 40cبووبیت. چ شتیك وەربگرم تا ببیتە روونكردنەوەی ئەم بیدەنگییە؟ پیتان دەلیم. ئەمە نیشانەیەكە بۆ ئەوەی چیم بەسەر هاتووە، باش بووە، هەروەها ئەوانەی لەئیمە وادەزانن كە مردن خراپە، بەهەلەدا چوون. چونكە بەدلنیایی ئەگەر بەرەو خراپە بچوومایە نەك چاكە، دژم دەوەستایەوە.

با بەریگایەكی تر باسی بكەین، دەبینین هۆیەكی گەورە هەیە كەبەهیوابین مردن باش بیت نەك خراپ، چونكە بۆ یەكیك لەدوو شت.. یان 40dئەوەتا حالەتیكی هیچیی بیت یان لەهۆش خۆچوونیك بیت، وەك خەلك دەلین، گۆرانیك و كۆچكردنیكی رۆح هەیە لەم جیهانەوە بۆ جیهانیكی تر. ئیستا ئەگەر ئیوە گریمانە بكەن لەوی هیچ بیدارییەك نییە، وەكو نوستنی ئەو پیاوەی كەخەونی ناخۆش نارەحەتی ناكات، ئەوا بەبێ قسە، مەرگ قازانج دەبیت. چونكە ئەگەر یەكیك بیت و شەویك دیاریی بكات كەتییدا نوستنەكەی تەنانەت بەخەوبینینیش نەشیوینریت، ئینجا بیت بەراوردی

بكات بەرۆژو شەوەكانی تری ژیانی خۆی، ئینجا پیمان بلیت كەلەژیانیدا چەند رۆژ و چەند شەوی لەو شەوە خۆشتری هەبووە، پیموایە هەر پیاویك، من نالیم 40eكەسیكی دیاریكراو، بەلكو تەنانەت پادشای گەورەش شەو یان رۆژی لەوبابەتەی زۆر دەست ناكەویت، كاتیك بەراوردی دەكات لەگەڵ ئەوانیتردا. ئیستاش ئەگەر مردن شتیكی ئاوەها بیت، من دەلیم مردن قازانجە، چونكە ئیتر نەمریی بریتییە لەتاقە شەویك. بەلام ئەگەر مردن بریتی بیت لەگەشتیك بەرەو شوینیكی تر، لەویش وەكو خەلك دەلین، هەموو مردووەكان، پیوەست دەبن بەوەوە كەچاكە، ئۆ هاوریانم و دادوەران، دەبیت لەمە باشتر چی بیت؟ 41aئەگەر بەراستی كاتیك گەشتیارەكان دەگەنە جیهانی خوارەوە، رزگاریان دەبیت لەپرۆفیسۆرانی دادپەروەریی ئەم جیهانەو، دادوەرە راستەقینەكان دەبیننەوە، ئەوانەی كەدەلین لەویدا دادوەریی دەكەن، مینۆس* و

---

* مینۆس Minos لەمیتۆلۆجیای یۆنانییدا، فەرمانرەوای ئەفسانەیی شاری كرییتە. هەندیك لەنوسەرە كۆنەكان شەش حەوت پادشا بەم ناوەوە دەناسینن، بەتایبەتی مینۆسی پیر كە باپیرەی مینۆسی

رادامنتۆس• لەگەڵ ئیکۆس• و تریپیتۆلیمۆس•، هەروەها کورانی تری خوداکان، ئەوانەی لەژیانی خۆیاندا

بچووکە. هەرچۆنیك بیت مینۆس کوری زیۆسی پادشای خوداکان بووە، دایکی شازادە یۆروپا بووە.

• رادامنتۆس **Rhadamanthus** لەمیتۆلۆجیای یۆنانییدا، کوریکی تری زیۆس و ئەوروپایەو برای مینۆسی پادشای کریتە. بەپیی گیرانەوەی هۆمیرۆس، رادامنتۆس لەناو بەهەشتدا ماوەتەوەو نەهاتۆتە سەر زەوی. بەڵام هەندیك ئەفسانەی دواتر دەلین، پیاویکی زۆر بەریز بووە لەبەر دادپەروەریی و پاکیزەییەکەی. رادامنتۆس یەکیکە لەسێ دادوەرەکەی جیهانی ژیرەوە.

• ئیکۆس **Aeacus** لەمیتۆلۆجیای یۆنانییدا، پادشای ئاگینیایە(ئیستا پیی دەوتریت ئادینیا) کوری ئاگینیای حۆرییەو دورگەکەش بەناوی ئەوەوە ناونراوە، زیۆسیش باوکیتی. هیرای هاوسەری زیۆس رقی لەئاگینیا بووەو کارەساتیکی بۆ ناردووەو بەشی زۆری دورگەکەی ویران کردووە. ئیکۆس لەباوکی دەپاریتەوە، تا شارەمیرولەیەك بکات بەمرۆڤ بۆئەوەی شارە ویرانکراوەکەی ئاوەدان بکەنەوە. زیۆس نزاکەی بەدیهیناو توخمیکی مرۆڤی دروستکرد کە ناویان لینرا میرمیدۆنسەکان **Myrmidons**. ئیکیۆسیش دادپەروەرانە فەرمارەوایی کردن و دوای مردنیشی بوو بەیەکیك لەسێ دادوەرەکەی جیهانی ژیرەوە

• تریبتۆلیمۆس **Triptolemus** لەمیتۆلۆجیای گریکییدا، بریتیە لەیاوەرە ئەسلییەکەی خوداوەندی دیمیتەری **Demeter** قۆچ زیرین،

سەرراست بـوون، بـەجۆریکی وەهـا کـەئیتر کردنـی ئـەم گەشتە شتیکی زۆر باش بیت. مرۆڤ چـی نابەخشـیت ئەگـەر هـەلی ئـەوەی بـۆ برەخسـیت لەگـەڵ ئۆرفیـۆس* و میسۆس و هیسیۆد* و هۆمیرۆسدا* 41bبدویت؟ نـەخیر،

هـــەروەها داهینـــەری نهینییـــە ئیلۆســـینییەکانە کەلەئاهـــەنگی شکۆدارکردنی دیمیتەردا نمایش دەکریت. تریپتۆلیمۆس کوری پادشا کیلیـۆس ئیلیۆسـییەو شـوانی میگەلەکـەی بـاوکی بـووە. رۆژیکیـان پیرسیفۆنی **Persephone** کچی دیمیتـەر دەبینیـت، کـەهیدزی **Hades** خوداوەنـدی جیـــهانی ژیـــرەوە فراندویـــەتی و خســـتویەتە نـــاو گالیسکەکەیەوە. رزگـاری دەکـات و دەیگەرشـینیتەوە بـۆ دایکـــی، ئەویش لەپاداشتدا گاسـنی تەختـەو تـۆوی گەنمەشـامی پیـدەدات و دەینیریت تـا مرۆڤـەکان فـیری هونـەری کشـتوکاڵ بکـات. هـەروەها فیری ئەو سروتەشی دەکات کە دواتر دەبیت بەنیودارترین سـرووتی ئاینیی گریکەکان.

* ئۆرفیۆس **Orpheus** لەمیتۆلۆجیای یۆنانییدا، بریتیـە لەشـاعیریك و مۆســـیقاژەنیکی دلتـــەر، کـــوری ئـــەپۆلۆی خوداوەنـــدی مۆســـیقاو کالیۆپی پەری سرووشە، هەندیك دەلین ئۆیاگرۆسی پادشای سیراس باوکیتی. ئەپۆلۆ سازیکی پیداوەو بووە بەو مۆسـیقاژەنە نیـودارەی کە لەنیوانی مرۆڤی فانییدا هاوتای نیە.

* هیســـیۆد **Hesiod** لەســـەدەی هەشـــتەمی پیـــش زایینـــدا ژیـــاوە. شاعیریکی گریکییەو لەلای گریکەکان پایەیـەکی زۆر تایبـەتی هەیـە،

ئەگەر ئەمە راست بێت، بامن هەر بمرم و بمرمەوە. من خۆم، دیسان، بەگەیشتنم بەوانەو ئاخاوتنم لەگەڵ پالامیدیسدا•، هەروەها ئەجاکسی کوری تالامۆن•،

هەم لەبەر تیروانینە ئاکارییەکانی و هەم لەبەر دەنگە خۆشەکەی.
هیسیۆد لەئاسکرای بۆیتیا لەدایك بووە(ئیستا پیی دەوتریت پالایۆپاناگیا). دوای مردنی باوکی دەبیت بەشوان و ژیانی ناوکیلگە تاقی دەکاتەوە. جگە لەشیعرەکانی شتیکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی تایبەتی نازانین. هەندیك قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخ بەهاوکاتی هۆمیرۆس لەقەلەمی دەدەن. یەکەمین هۆنراوەی بریتییە لە رەچەلەکی خوداوەندەکان، کەتییدا باسی چەند خوداوەندیك دەکات کە لەهۆمیرۆسدا ناویان نەهاتووە

• **هۆمیرۆس** Homer نوسەری هەردوو شاکاری نیوداری ئەلیادەو ئۆدیسەیە Iliad and the Odyssey ، دوو داستانە سەرەکییەکەی ئەدەبی یۆنانیی. دەربارەی خودی خۆی هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نیە، لەراستیدا تا ئیستاش ئەوە جیگەی مشتومرە ئایا ئەو دوو داستانە یەك کەس نوسیونی یان چەند کەسیك. هەرچۆنیك بیت بروا وایە کە لەدەوروبەری سەدەی هەشتەمی پیش زاییندا ، لە نیشتەجیی یۆنان لەئاسیای بچووکدا، ئەو دوو داستانە بیستراون.

• پالامیدس Palamedes لەمیتۆلۆجیای یۆنانییدا، داهینەری نوسینە، ئەم ئەوەی خستە روو کە ئۆدیسیۆس Odysseus بەدرۆوە خۆی شیت کردووە بۆئەوەی نەیبەن بۆ جەنگەکەی تەروادە.

هەروەها هەر پاڵەوانیکی دیرینی تر کە بەهۆی دادوەرییەکی نادادپەروەرانەوە مەرگیان چەشتووە، خۆشییەکی دلگیرم دەست دەکەویت .. بەبروای من، ئەوە خۆشییەکی کەم نیە کاتیك من ئازارەکانی خۆم بەوەی ئەوان بەراورد دەکەم. لەسەرووی هەمووشیەوە، دەتوانم بەردەوام ببم لەسەر گەرانەکەم بەدوای زانینی چاکەو خراپەدا، هەروەکو ئەم دونیا، لەویش هەروادەکەم، بۆم دەردەکەویت کێ دانایە، کیش واخۆی

ئۆدیسیۆسیش لەتۆڵەی ئەو کارەدا، هەرکە هەلی بۆ رەخسا یەکسەر پالامیدسی تاوانبار کرد بەوەی کە ناپاکە لەگەڵیانداو سوپای گریکیش هەتا مردنی بەردبارانی دەکەن.

* ئەجاکس Ajax لەمیتۆلۆجیای گریکییدا، سەربازیکی بەهیزە لەشەری تەروادەدا بەشداریی کردووە. کوری تیلامۆنی پادشای سالامیس بووەوسەرکردەی هیزەکانی سالامیس بووە لەو شەرەدا. پیاویکی زەبەللاحی دزیو بووەو لەقسەکردندا خاووخلیچك بووە، بەڵام لەشەردا نەبەردو نەلەرزیو بووە. لەشەرەکەدا تووره دەبیت لەبەرئەوەی قەلغانەکەی ئەشیلی کوژراوی نادەنێ و ئەویش بریار دەدات ئاگامەمنونی سەرکردەی هیزەکان و مینلاوسی براشی بکوژیت. بەلام ئەسینای خوداوەند شیتی دەکات ، ئەویش لەحالەتیکی شیتییدا خۆی دەدات بەسەر شمشیرەکەیداو خۆی دەکوژیت.

دەردەخات کەدانایە، بەڵام وانیە. پیاو چی نابەخشیت، ئـۆ دادوەرینــە، بۆئــەوەی بتوانیــت ســەرکردەی هەلمەتــە مەزنەکــەی تــەروادە تاقیبکاتــەوە، یــان 41cئۆدیســیۆس• و سیسیفۆس•، یاخود ئەوانیتر کە لەژمارە نایەن، پیاوان و ژنــانیش! چــەند شــادییەکی بیســنور دەبیــت لــەوێ دەمەتەقێ لەگەڵ ئەواندا بکەیت و پرسیاریان لی بکەیت! بەواتەیەکی تر، ئەوانە مرۆڤ بەرەو مەرگ رەوانە ناکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی پرسیار دەکات: بەدلنیایی نا. چونکە

• ئۆدیسیۆس Odysseus لەئەفسانەی گریکییدا، پالەوانیکی یۆنانییە، فەرمانرەوای دورگەی ئیساکا بووەو یەکیکیش بووە لەسەرکردەکانی ســوپای یۆنــان لەهیرشــەکەیدا بۆســەر تــەروادە. هۆمــیرۆس لــە ئۆدیســەکەیدا باســی موغامــەرەکانی ئۆدیســیۆس دەکــات لــەکاتی گەرانەوەیدا بـۆ وڵات دوای تـەواوبوونی شـەرەکەو دەسـالی رەبـەقی پیدەچیت.

• سیسیفۆس Sisyphus لەمیتۆلۆجیای گریکییدا، پادشای کۆرینســە، کوری ئیلیۆسی پادشای سیسیلییە. سیسـفۆس چـاوی لیدەبیـت کـە زیـۆس ئـەیگینیای کـچ دەفرینیــت و بــۆ باوکەکــەی دەگیریتــەوە. زیۆسیش لە تۆلــەی ئــەو دووزمانییــەدا، رەوانــەی ناوچــەی تۆروســی دەکات، لەویش ژیانی نەمریی بەســەردا دەبرریـت دەبیـت هەمیشـە بـەردیك بـەرەو لوتکـی شـاخیك سـەربخاتە سـەرەوە، بــەڵام دواتــر بەردەکە تل دەبۆوە بۆ خوارەوە.

لەپال ئەوەدا کەزۆر لیرە کامەرانتر دەبن، ئەوانە نەمریش دەبن، ئەگەر ئەوەی دەیلین راست بیت.

بۆیـە، ئـۆ دادوەرینـە، دلتـان بـەمردن خـۆش بیـت، بـەدلنیایی بزانـن کـەهیچ 41dخراپەیـەك بەسـەر پیـاوی باشدا نایـەت، نەلـەژیاندا یـان دوای مردنیـش. ئـەویش و کردەوەکانیشی لەلایەنی خوداکانەوە پشتگویٚ ناخرین، فرسـەتەکەی منیـش بـۆ نزیکبوونـەوە لـەکۆتایی، هـەروا لەخۆیەوە نەهاتۆتە پیشەوە. بەلکو من بەروونی دەبینم کەسات و وەختم هاتۆتە پیشـەوە، لەوکاتـەدا کـە بۆمـن واباشترە بمرم و لەچەرمەسەریی رزگارم ببیت، چونکـە سـرووش هیـچ نیشـانەیەکی پیشـان نەداوەنـەداوە. هەروەها لەبەر هەمان هۆش من تورە نیم لەتاوانبارەکانم، یـاخود ئەوانـەی تاوانەکـەیان دایـە پـالم، ئـەوان هیـچ خراپەیـەکیان لەگـەلٚ منـدا نـەکردووە، هـەروەها مەبەستیشیان لەوەنـەبووە کـە هیـچ چاکەیـەکم لەگـەلدا بکەن، بۆ ئەمەش من بەنەرمیی گلەییان لیدەکەم.

41eئایا دەشـیت داوای چاکەیـەکیان لیبکـەم. کـاتیك کورەکانم گـەورە دەبن، داواتـان لیدەکـەم، ئـۆ هاوریکانم، سزایان بدەن، من حەزدەکەم توشی کیشەیان بکەن، وەك چـۆن مـن ئیـوەم تووشـی کیشـە کـرد، ئەگـەر ئـەوان وادیـاربوون کـە بایـەخ بـدەن بەدەولەمـەندیی، یـان

بەهەرشـتیکی تـر، زیـاتر لـەوەی بایـەخ بەچاکــە بــدەن، یــاخود ئەگــەر خۆیــان وادەرخســـت کــە شـــتیك بـــن، لـەکاتیکدا بەراسـتی هیـچ نــەبن.. ئیـوەش لۆمــەیان 42a بکـەن، وەك چۆن مـن لۆمـەی ئیـوەم کـردووە، لەبەرئـەوەی بایـەخیان بەوشـتە نــەداوە کــەدەبوو بایــەخی پیبــدەن، ئەگـەر وایـان زانـی کەشـتیکن، لــەکاتیکدا بەراسـتی هیـچ نـەبن. ئەگـەر ئیـوە واتـان کـرد، منیـش و کورەکانیشـم، لەسەردەستی ئیوە دادپەروەریمان پیبراوە.

ساتەوەختی جیهیشتن گەیشتە جێ ئیمــەش بـەریی خۆماندا دەرۆین.. من بۆ مردن، ئیوەش بۆ ژیان. کەتەنیا خودا دەزانیت کامیان باشترە.